# جینۆساید و تاوانەکانی
# رژێمی عیراق دژی گەلی کوردستان

ناوی کتێب: جێنۆ ساید و تاوانەکای رژێمی عیراق دژبە گەلی کوردستان

ئامادە کردنی: یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

تیراژ : 1000 دانە

ساڵی چاپ : 2011

دیزاینی بەرگ: کارزان سەعدی (مەریوان گرافیک)

دیزاین: ئەحمەد سلیمان (مەریوان گرافیک)

چاپ : چاپخانەی شەهاب— هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی ( 607 )ی ساڵی پێی دراوە

لة بلآوكراوةكانى يةكيَتى
ثةرلةمانتارانى كوردستان ذمارة (13)

# جینۆساید و تاوانەکانی رژێمی عیراق دژ بە گەلی کوردستان

**پێشەکی :**

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پرسی تاوانەکانی رژێمی دیکتاتۆری عیراقی پێشووی بە یەکێك لە هەرە ئەرکە گرنگ و پر بە بایەخەکانی خۆی داناوە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات ، چ بەوەی کە بە زووی تاوانەکان و تاوانباران بدرێنە دادگا و چ بەوەی لە ناوەندەکانی ناوەخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی بیوروژێنی و قسەی لەسەر بکات ، لەم رووە وە چەندین پێشنیار و لێدوان و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە .

جینۆساید هەرچەندە تاوانێکە و بووەتە مایەی زیانی گیانی و ئابوری و کۆمەلأیەتی هەزاران هاوولأتی و پیس بونی ژینگەکەی ، لە لایەکی ترەوە دەرفەتێکە بۆ گەلی کوردستان ئەم تاوانە گەوریە بۆ سودی خۆی بقۆزێتەوە ، بەپییێ بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان بە تایبەتی بەندی حەوتەم لە میساق و پشتگیری چەندین بەند و مادە لە بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ، هەق بە هەر گەلێك دەدات ئەگەر مەترسی جینۆسایدی لەسەر بێت ئەوا بۆ پاراستنی رەگەزی دەتوانێت مافی چارەی خۆی دیاری بکات ، پرسی جینۆساید کە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە هیچی کەمتر نییە لەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلأنی تر کراوە بە درێژای مێژوو .

بۆیە یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەباشی زانی کە چەندین دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی ئەو تاوانانەی دژ بە گەلەکەمان ئەنجام دراوە بخاتە روو ، لەوانە دەقی ئەو

**کۆنفرانسە تایبەتیەی کە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2004 بەسترا ، هەروەها ئەو دیکۆمێنتانەی پاش کۆنفرانسەکە تا ئیستا هاتونەتە ئاراوە ، جگە لەمانەش ئەو کار و چالاکیانەی یەکیتیەکەمان بە ئەنجامی گەیاندووە لە دووتویٚ ئەم کتێبە بە نرخە بکەینە دیاری بۆ گشت گەلی کوردستان و نەوەکانی داهاتوومان .**

**جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسی ئەرك و ماندوبوونی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بکەین کە ئەرکی کۆکردنەوە و رێکخستنی ئەم کتێبەیان خستە ئەستۆی خۆیان کە لە بەرێزان ( حمە علی توفیق و نەهلە محمد سعدولاٚ ئەندامانی دەستەی بالاٚ و طاریق جامباز ئەندامی یەکیتی پەرلەمانتاران ) پێکهاتبوو ، هیواداریین ئەم بەرهەمە نوێیەی یەکیتیەکەمان سوود بەخش بێت بۆ ئەوانەی پەرۆشی کارکردنن لەسەر پرسی جینۆساید .**

**یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان**
2011 / 7 / 3

# پێڕستی بەشی یەکەم


| ناوەرۆك | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی یەکەم** | 7 |
| کۆنفرانسی جینۆساید و تاوانەکانی رژێمی عیرا ق .... | 7 |
| ووتار و بابەتەکانی پێشکەشکراو | 11 |
| یەکەم : وتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان | 12 |
| دووەم : وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس | 15 |
| سێیەم : لێدوانی گرێگۆری پاو نوێنەری پەیوەندار بە تاوانەکانی ... | 18 |
| چوارەم : رۆڵی پەرلەمان لەدادگایی کردنی سەرانی رژێمدا | 22 |
| پێنجەم : العدالة ما بعد الصراع والتناقض بين القانون والسياسة | 25 |
| شەشەم : قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی صدام ... | 29 |
| حەوتەم : ابادة الجنس البشري في كردستان (ضرورة محاسبة الفاعلين ... | 37 |
| راپۆرتەکان | 49 |
| بەڵگەنامەکان و دۆکۆمینتەکان | 55 |
| راپۆرتی کیمیاباران و تەندورستی | 70 |
| راپۆرتی هاوپێچی راپۆرتی کیمیاباران تایبەت بە هەڵەبجە | 72 |
| راپۆرتی (ملف الكورد الفيليين) | 74 |
| راپۆرتی لیژنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان | 78 |
| راپۆرتی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی (راگواستن و تەسفیر کردنی کورد و ... | 91 |

| | |
|---|---|
| دۆکۆمێنتەکان | 96 |
| راپۆرتی لیژنەی کارەساتە جیاجیاکان | 169 |
| راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانسی جینۆسایدو تاوانەکانی رژێم لە کوردستان | 174 |

# بەشی یەکەم :

## کۆنفرانسی جینۆساید و تاوانەکانی رژێمی عیرا ق لە پەرلەمانی کوردستان ساڵی2004

**رونکردنەوەیەکی پێویست :**

لە ساڵی 2004 دا بە دەست پێشخەری لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان لە خولی یەکەم پێشنیاری بەستنی کۆنفرانسێك بە جینۆساید و تاوانەکانی رژێم لە عیراق لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد ، پاش رەزامەندی لەسەر سازدانی و وەرگرتنی رای هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلیمانی بریاری پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای بۆ ئەو مەبەستە دا و لیژنەکەش لەم بەرێزانەی لای خوارەوە پێك هات :

1. **شێخ یەحیا بەرزنجی ( پەرلەمانتار )** **سەرۆکی لێژنە**
2. **سید حسن بەرزنجی ( پەرلەمانتار )** **جێگر** .

3. یوسف دزەیی ( مامۆستای زانکۆ ) بڕیاردەر.
4. د. محمد ئیحسان ( وەزیری مافی مرۆڤ لە ئیدارەی هەولێر ) ئەندام .
5. سەلاح رۆوف (وەزیری مافی مرۆڤ لە ئیدارەی سلیمانی ) ئەندام .
6. طارق جامباز ( پەرلەمانتار ) ئەندام .
7. حلیمە حوسێن بارزانی ( پەرلەمانتار ) ئەندام .
8. نهلە محمد سعداللە ( پەرلەمانتار ) ئەندام .
9. مەلا شاخی ( پەرلەمانتار ) ئەندام .
10. د. مارف عومەر گوڵ ( مامۆستای زانکۆ ) ئەندام .
11. ئەنوەر شوکر ئەحمەد ( پەرلەمانتار ) ئەندام .

ئەم لیژنەیە چەندین کۆبوونەوەی لە هۆڵی لیژنەی مافی مرۆڤ بۆ ئامادەکاریەکانی کۆنفرانس لەگەڵ لایەن و کەسایەتی پەیوەندیدار ئەنجامدا ئەوانیش بە خەمخۆرانە چ بە سەردان یا بە نووسین کۆنفرانسەکەیان دەوڵمەند کرد و لە ماوەی دوو رۆژ لە13- 2004/10/14 و لە چوار دانیشتندا چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوە پێشکەش کران هەروەها ڕاپۆرتی ئەم شەش لیژنەیەی لای خوارەوەش خوێندرانەوە :-

1. لیژنەی ئەنفال
2. لیژنەی کیمیاباران
3. لیژنەی گۆڕەبەکۆمەلەکان
4. لیژنەی فەیلیەکان
5. لیژنەی ڕاگواستن و تەعریبکردن
6. لیژنەی ڕاپەرینی 1991 و کارەساتە جیاجیاکانیش.

**هەموو بابەتەکانی کۆنفرانس لەلایەن بەشداربوانەوە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی تیروتەسەلی لەسەرکراوە و دەوڵەمەندتر بووە ، رای کۆنفرانس وابوو کە گشت بابەتەکان و دیکۆمێنتەکانی بە هەر سێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ) بەچاپ بگەێنرێت ، هەرچەندە ئەمەش لە خاڵێکی راگەیاندنی کۆتایدا هاتووە ، بەلاّم بەداخەوە ئەم ئەرکە جێبەجێ نەکرا .**

**بۆیە پاش ئەوەی توانیم لای خۆم و برادەرەکانم لە ئەندامانی لیژنەی کۆنفرانس گشت بابەتەکان و دێکۆمێنتەکان کۆبکەمەوە ، داوام لە بەرێزانی دەستەی بالاّی یەکیتی پەرلەمانتاران کرد کە ئەو ئەرکە بخەنە ئەستۆی خۆیان چونکە ئەوانیش ماوەیەکی زۆرە بەدواداچوون بە پرسی جینۆساید دەکەن ، پێشنیارەکەم رەزامەندی لەسەر کرا و بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەك پێکهات کە ئەو بابەتە و گشت بابەتەکانی پەیوەست بە جینۆساید پاش کۆنگرە لەگەلْ ئەوەدا چاپ بکرێت و سوپاسیان دەکەم .**

**جینۆسایدی گەلی کوردستان بە شێوازێکی وا دروندانە ئەنجام دراوە کە چەندین کۆنگرە و کۆر و کۆبونەوەی لەسەر کراوە چ لە ناوەوەی کوردستان و چ لە دەرەوە ، دادگای بالاّی تاوانەکانی عیراق تا ئیستا ( 4 ) بریاری بە جینۆساید کردنی تاوانەکانی رژێمی دیکتاتۆری پێشووی عیراق دەرکردووە ، هیشتا دادگا بەردەوامە لەسەر دادگایی کردنی چەندین پرسی تر کە دژی گەلەکەمان کراووە .**

**بۆیە جگە لە جێبەجێ گەیاندنی بریارەکانی ئەو دادگایە ، ئەوا گەلی کوردستان هێشتا پێویستی بە یاسایەکی تایبەتی تر هەیە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەری بکات ، بە ناونیشانی ( سزای ئەوکەس و لایەنانەی جینۆساید بە تاوان دانانێن ) چونکە جگە لە یاسای جینۆساید لە زۆربەی وولاّتاندا یاسای سزادانیش دانراوە ، بۆ نمونە لە فەرەنسا ساڵی ( 2001 ) یاسای جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەرچوو ، بۆ تەواوکردنی لە ساڵی ( 2006 ) دا یاسای سزای قورسی دارایی و جەستەیی دانا بۆ**

**ئەوانەی نکولی لەو یاسایەی پێشویان دەکەن ، جگە لەوەش پێویستە لەسەر حکومەتی عیراق داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکات ، هەر وەکوو چۆن حکومەتی بەریتانیا لە ساڵی ( 2010 ) دا لە رێگای سەرۆکەکەیانەوە ( دەیڤید کامیرۆن ) داوای لێبوردنی لە گەلی ئیرلەندای باکور کرد لە بارەی کوشتاری رۆژی ( یەك شەممەی ) خوێناوی ساڵی 1963 کە سووپای بەریتانیا دژیان ئەنجامی دابوو .**

**طارق جامباز**

**ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی 2004**

**هەولێر 19 / 5 / 2011**

# ووتار و بابەتەکانی پێشکەشکراو

- ووتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان– دکتۆر کەمال فۆئاد
- ووتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس – شێخ یەحیا بەرزنجی
- ووتاری گرێکۆری پاو– نوێنەری پەیوەندار بەتاوانەکانی رژێم بۆ پەرلەمانی کوردستان
- رۆلی پەرلەمان لە دادگایی کردنی سەرانی رژێمدا – دکتۆر مارفی عومەر گولْ
- العداله ما بعد الصراع والتناقص مابين القانون والسياسه– د. محمد شريف احمد
- قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی سەدام و دارودەستەکەی لە کوردستان – ڤالا فريد ابراهيم
- جريمة ابادة الجنس البشري في كوردستان – العراق د.منذر الفضل
- راپۆرتی لیژنەی ئەنفال .
- راپۆرتی لیژنەی کیمیاباران.
- راپۆرتی لیژنەی کارەساتی فەیلیەکان.
- راپۆرتی لیژنەی گۆرە بە کۆمەڵەکان.
- راپۆرتی لیژنەی پاکتاوی ڕەگەزی.
- راپۆرتی لیژنەی کارەساتە جیاجیاکان و ڕاپەرینی 1991 .
- ڕاگەیاندنی کۆتایی .

**یەکەم : وتاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

بەڕێزان : نوێنەرانی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان

نوێنەرانی حکومەتی کاتیی کۆماری فیدڕالی عێراق

نوێنەرانی حیزبو رێکخراوەکان

ئامادەبووانی بەڕێز ، خوشکو برایانی خۆشەویست

بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان ئەکەین و سوپاسی ئامادەبوونتان ئەکەین ، هیواداریین کە بەشداربوونی ئێوەی بەڕێز یارمەتیمان بدات بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی (کۆنفرانسی دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆساید لە کوردستان)و دەوڵەمەندکردنی باسەکان بە پێشنیاز و بیرورِا و بۆچوونی گونجاو لەگەڵ بەرنامەو ئامانجی کۆنفرانسەکەدا.

ئەم کۆنفرانسە ، کە بە دەستپێشەخریی (کۆمیتەی مافی مرۆڤ) لە پەرلەمانی کوردستان پێکهاتووە ، لە هەموو ئەو تەوەرانە ئەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەستدرێژییەکانی رێژێمی تاوانباری بەعسەوە هەیە ، هەر لە ڕۆژی هاتنە سەرکاریان لەتەمووزی ساڵی1968 تا رۆژی رووخاندنی لە نۆی نیسانی ساڵی2003.

بێگومان تاوانەکانی ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە لە ماوەی سیو پێنج ساڵی رابردوودا ئەوەندە زۆرن نایەنە ژماردن ، بۆیە لە لایەن لیژنەی ئامادەکردنی کۆنفرانسەوە دابەشکراون بەسەر ئەم تەوەرانەدا:

گرتن و ئازاردان و لەناوبردنی سەدان هەزار هاووڵاتی ، دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانیان ، کاولکردنی خانووبەرە و گوند و شار و شارۆچکەکان و بێسەروشوێن کردنی دانیشتوانی ، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ ، پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی کەسانی تر لە جێگایان ، سووکایەتیکردن بە مافی مرۆڤ ، بەرپاکردنی جەنگی لەناوبردنی کورد ، دوو پەلاماری داگیرکەرانە دژ ئێران و کوێت ساڵانی ( 1980-

1988) و (1990–1991) و گەلێك تاوانی گەورەی تر دژ مرۆڤایەتی ، نەك هەر لە عێراق و ولاَتانی دراوسیَ بەلَکو لە بەشێکی زۆری ولاَتانی جیهان . گۆرِە بەکۆمەلَەکان کە رۆژانە ئەدۆزرێنەوە بەلَگەی ئەم تاوانە گەورانەن .
بەرامبەر هەریەکێك لەم تەوەرانە لیژنەیەکی تایبەت راپۆرتی خۆی پێشکەش ئەکات .
ئێمە بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە ئەروانینە ماندووبوون و هەولَوکۆششی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان و هەموو ئەو بەرِێزانەی لە ئامادەکردن و رێکخستنی ئەم کۆنفرانسەدا بەشداربوون و لەچەند مانگی رابردوودا لە گەرِان و پشکنیندا بوون لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەلَگەی وێنەدار و نووسراو و ئیفادەی شایەتحالَەکان لەبارەی تاوانەکانی رِژێمی گۆرِبە گۆرِەوە ، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی دەیان رۆشنبیر و کەسایەتییان کردووە کە لەم کۆبوونەوەیە و کۆبوونەوەکانی داهاتوودا لە راپۆرتەکانیاندا پێشکەشتانی ئەکەن .
لەم بارەیەوە نابیَ ئەو رِاستیە فەرامۆش بکەین کەتاوانەکانی رِێژم بە تەنیا دژی گەلی کوردستان نەبووە ، هەموو کۆمەلاَنی خەلَکی عێراقی گرتۆتەوە بە عەرەب و کورد و تورکمان و کلد و ئاشورییەوە ، بە موسلَمان و مەسیحی و شیعە و سونییەوە ، بەلاَم بێگومان بەشی دانیشتوانی کوردستان لە سیاسەتی کوشتن و برِین و کاولکردن و شەرِی لەناوبردن (جینۆساید) زیاتر بووە ، ئەم کۆنفرانسەش تایبەتە بە تاوانەکانی رێژیم لە کوردستان کە بەشی هەر گەورە پێك ئەهێنیَ لە تاوانەکانی رِژێم لەسەر ئاستی عێراق .
هیوادارین ئێوەی بەرِێز بە سەرنج و تێبینەکانتان ، راپۆرتەکان دەوەلَمەندتر بکەن ، تا پاش لێکۆلَینەوە و بەسەردا چوونەوە ، لەگەلَ داخوازی و ئامۆژگاری و پێشنیازەکانی کۆنفرانسی پێشکەش بە دادگای تایبەت بکرێت و بەپێی ئەو بەلَگەنامانە تاوانباران سزا بدرێن و دادگاییکردنەکەشیان بچێتە رِێزی دادگاییکردنە بەناوبانگەکانی جیهانەوە وەك دادگاییکردنی سەرانی رِژێمی نازی لەئەلمانیا دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەم(1939=1945) کەناسراوە

به دادگاییکردنی ( نورنبێرگ ) و دادگاییکردنی ( میلۆسۆڤیچ ) و هاوکارەکانی لەشاری ( لاهای ) که ئێستاش بەردەوامە.

له کۆتاییدا به پێویستی دەزانم بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوه به گەرمی سوپاسی هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بکەم بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەم کۆنفرانسه به شێوەیەکی فراوانو رێکوپێك .

با هێزو توانای خۆمان بخەینه کار بۆ ئەوەی تاوانباران به سزای رەوای خۆیان بگەن ، تا ببنه پەند و عیبرەت بۆ نەوەی نوێ و داهاتوو ، بۆ رێگاگرتن له دووباره بوونەوەی ئەم جۆره تاوانانه ، تا لای هەموو کەس روون و ئاشکرابێ که دوا رۆژی زۆرداران و ستەمکاران چەند زەبروزەنگ بەکاربێنن هەر نەمان ڕیسواییه ، له ئەنجامدا بەشیان نەفرەتی گەلان و مرۆڤایەتیەوه خۆیان لەسەره نوێلکی مێژوودا ئەبیننەوه .

جارێکی تر بەخێربێن و سوپاسی ئامادەبوونتان ئەکەین.

**د. کەمال فواد**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**هەولێر** 2004/10/13

**دووەم : وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس**

ئامادەبووانی بەرێز.....

لەسەر داوای لیژنەی مافی مرۆڤ بە ڕەزامەندی و فەرمانی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بڕیاردرا کۆنفرانسێك سازبدرێت دەربارەی رێکخستنی میکانیزمێك بۆ گەیاندنی داوا و داخوازی خەڵکی زەرەمەند بۆ دادگای تایبەت بە داداگایی کردنی سەران و تۆمەتبارانی رژێمی رووخاو ، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی مافی مرۆڤ پەیوەندی کرد بە کەسانی شارەزا وخەمخۆر ، لیژنەی ئامادەکار پێکهات و لیژنەکە سەردانی لایەنە بەرپرسەکان و وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و دادی کرد لە هەردوو ئیدارە لە هەولێر و سلێمانی ، هەروەها سەردانی سەنتەر و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی کرد بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە و راستیەکانی تاوانەکانی رژێمی رووخاو لە دژی خەڵکی کوردستان .

بە هاوکاری زۆری وەزارەتی مافی مرۆڤ و لەئەنجامی چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەدا لیژنەی ئامادەکار ئەم لیژنانەی پێکهێنان :

1- لیژنەی ئەنفال.
2- لیژنەی کیمیاباران
3- لیژنەی کارەساتی فەیلیەکان..
4- لیژنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
5- لیژنەی پاکتاوی نەژادی راگواستنو نیشتەجێکردنی بەزۆر.
6- لیژنەی کارەساتە جیاجیاکانو ڕاپەڕینی1991.

هەر یەکە لەو لیژنانە لە چەند کەسێکی شارەزا و ئاگادار لەو بابەتانە پێکهاتووە و هەر لیژنە و راپۆرتی خۆی ئامادە کردووە و سەرجەم راپۆرتەکان لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس قسە و گفتوگۆیان لەسەر کراوە و سوود لە زانیاری و باسەکانیان بەباشی وەرگیراوە .

لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس بە دڵنیایی و بە جەختەوە قسەی لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم کارە تەنها بۆ کۆنفرانس و هەواڵی دەزگاکانی راگەیاندن نەبێت ، بەڵکو کۆنفرانس دەبێت بڕیار

بدات بۆ پێکهێنانی میکانیزمێك ، دەزگایەك بۆ ئەوەی ڕێگای کارکردن ، کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و گەیاندنی داوا بەدادگا خۆش بکات و لەسەرتاسەری کوردستاندا بەشێوەیەکی یەکگرتوو تاکو خەڵکی کوردستان داخوازی و داواکانیان بگاتە ئەو دادگا تایبەتەی لە بەغداد پێکهاتووە ، خۆشبەختانە ئەو دادگایە نووسینگەی تایبەتی لە کوردستان کردوەتەوە کەسانی کارمەندی شارەزا و حاکم کاری تێدا دەکەن .

لە راستیدا کردنەوەی ئەم نووسینگەیە کارئاسانییەکی چاکە و یەکێ لە داواکارییەکانی لیژنەی ئامادەکار و جەماوەری کوردستان بوو لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر گەورەیی کارەساتەکانمان لەبەر زۆری و بەربلاوی نەهامەتییەکان لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوودا پێویستە کۆنفرانس بەتایبەت دەستنیشانی (ئالیەتی کار) ی دوای کۆنفرانس بکات .

ئامانجی بەستنی ئەم کۆنفرانسە بەدیار خستن و پۆلێن کردنی تاوانەکانی رژێمی فاشی رووخاوە کە دەرحەق گەلی کوردستان ئەنجامی داوە تا لەکاتی دادگاییکردندا بەڵگە و شایەتحاڵ و کەس و کاری قوربانیانی زەرەرمەندان بتوانن بەشێوەیەکی یاسایی و گونجاو شکاتنامەی خۆیان پێشکەش بکەن و ئەوانەی دەستیان سوورە بە تاوان ، یان بە هەر بابەتێك بە هەر شێوەیەك بەشداربوون لە تاوانکاریدا حوکمی عادیلانەی دادگا بیانگرێتەوە .

یەکێ لە ئامانجەکانی کۆنفرانس ئەوەیە کە لە دەروازەی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی رووخاوەوە کارەساتەکانمان بخەینە بەر دیدی مرۆڤ دۆستان و نەوەکان .

هەروەها قەرەبۆی ولاتێکی خاپووریش چاکترە کە بە بریارێکی دادگا دەوڵەت پابەند بکات بە ژیان و دەرامەت و ئاوەدانکردنەوەی سەرجەم وێرانکاریەکانی رژێمی فاشی رووخاو .

تاوانەکانی رژێم لە ئەنفال و ئیعدام و بێ سەرو شوێن کردن و بە کۆمەڵ کوشتن و ڕاگواستن و وێران کردن و کیمیاباران ، نموونەی تاوانی دڕندانەن لە دژی مرۆڤایەتی ، هەر بۆیەش فەوتاندن و کۆمەڵکوژی لە کوردستان بێت یا لە هەر جێگەیەکی تری ئەم دونیایە بە تێپەڕبوونی سات و سەردەم و تاوانەکان حوکمی یاسا بەسەریاندا تێناپەڕێت و دەبێ رۆژێ وەکو خۆی بگاتە دادگا ، بۆیە ئێمە بە لێپرساویەتییەکی زۆرەوە و بە هەوڵ و کۆششێکی بەردەوام ئەم

لێپرسراوێتیە دەخەینە بەردەم ئەم کۆنفرانسە بۆ ئەوەی کار بکرێت بۆ چۆنیەتی ئامادەکردنی بەڵگەنامە و شایەتحاڵ و تۆمارکردنی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنی شێوەی داوای یاسایی بەو دادگایەی کە دروست بووە بۆ دادگاییکردنی سەرانی رژێمی پێشوو لە عێراق .
دیارە لەکاتی دادگایی کردن و دادگایی نەکردنیشدا ئەگەر ئێمە توانیبێتمان تۆماری زۆرترین بەشی تاوانەکان و داواکانمان کردبێت ، ئەوا خزمەتێکی دیارمان بە مێژووی نەتەوەکەمان کردووە ، ئەگەرچی هەموو توانایەکمان دەخەینە گەڕ بۆ سەرکەوتنی ئەو دادگایە و دادگایکردنی تاوانباران و بەسزاگەیاندنیان . هەروەها هەوڵ دەدەین بۆ درێژەپێدانی ماوەی دادگایکردنەکە تا یەك بەیەك داواکان جێ خۆی دەگرێت و خاوەن حەق بە ماف ڕەوای خۆی دەگات .
لیژنەی ئامادەکار ، سوپاس و پێزانینی خۆی بە هەموو کەسایەتی و لایەن و وەزارەت و دەزگا و رێکخراوانە ڕادەگەیەنێت کە هاوکارمان بوونە و ئێمەیش ئەو ئەرکە بەهی هەموومان دەزانین .
لیژنەی ئامادەکار ئەو لیژنانەی کە پێکی هێناون راپۆرتی خۆیان ئامادەکردووە ، داوا لە کۆنفرانس دەکات هەر کەسێك دەیەوێ لەهەر لیژنەیەکدا کاربکات ، دەتوانێت بەشداری بکات خزمەتێك بە گەل و نیشتمانەکەی پێشکەش بکات .
ئێمە بەخۆشحاڵیەوە ئەم ئەرکەمان خستە ئەستۆی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین بەهاوکاری خەمخۆران و دڵسۆزان دەنگی پەرلەمانی کوردستان رابگەیەنین و ئامادەیی بەرەوامبوون پێشکەش بکەین ، جارێکی تر بەخێرهاتنتان دەکەین .
ئیتر سەرکەوتن بۆ کۆنفرانس و پێشکەوتن بۆ میللەتەکەمان هەموو پارێزەرانی ماف مرۆڤ .
سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسەش لەو میکانیزمەدا دەردەکەوێت کە بڕیاری لەسەر دەدرێت .

**شێخ یەحیا بەرزنجی**

**سەرۆکی لیژنەی ماف مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان**

## سێیەم : لێدوانی گرێگۆری پاو نوێنەری پەیوەندار بە تاوانەکانی ڕژێم بۆ پەرلەمانی کوردستان



ئەوە خواستی منە کە ئەمڕۆ لە بەردەمی ئێوەدا ئامادەبم .
میللەتی کورد هەمیشە هەستێکی وای لای ئێمە دروستکردووە کەهەست بە پێشوازی گەرم بکەین . هەر ئەوەش وای لێکردووین کە هەر هەموومان حەزبکەین لە ماوەی پێنج مانگی رابردووی کارکردنماندا ببینە شار و هەرێمە جوانەکەتان .
من ناوم ( گرێگۆری پاو )ە نوێنەری پەیوەندارم بۆ تاوانەکانی ڕژێم لە لایەن سەرۆك ( جۆرج بۆش ) ە وە دیاریکراوم بۆ هاریکاریکردنی دادگای تایبەتی عێراق بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ئەندامانی ڕژێمی پێشوو لەسەر ئەو کارە دڕندانانەی دژ بەخەڵکی عێراق ئەنجامیانداوە .

ئێمەلەگەڵ دادوەر و لێکۆڵەرەکانی دادگای تایبەتی عێراق لە بەڵگەکان دەکۆڵێنەوە و دڵنیاش بن کە دادگای تایبەتی عێراق باشترین دادگا و میکانیزمە بۆ بەدیهێنانی ئەم کارە گرنگە وەك زۆربەتان ئاگادارن و دەزانن ئێمە بەردەوام هاریکاری دادگای تایبەتی عێراقمان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە و دەرهێنانەوەی لاشەکان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا ، لەهەموو شوێنی قوربانییەکان لە هەرێمەکاندا ، کە قوربانی تاوانە دڕندەکانی سەددام حوسێن بوون . ئێمە بەردەوام لەگەڵ پەیوەندیدارە عێراقییەکاندا لەسەر پڕۆژەی دەرهێنانەوەی لاشەکان کاردەکەین و لەم بوارەشدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر دوو گۆڕی بەکۆمەڵ ئەنجامداوە .

سەردانی ئێمە لە یەکێك لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا ئێسکو پڕۆسکی 200 ژن و منداڵمان دۆزیوەتەوە هەر هەمووشیان تاك تاك لەدواوە گوللە نراون و بەسەریانەوە ، ئەو قوربانیانە هەموو بەیەکەوە ژیانیان هاوشێوە و جلوبەرگی هەمە جۆر ، زێڕو کەلوپەلیماڵەوە ، خواردن و دەرمانیان لەگەڵدا بووە ، هەندێك لە قوربانییەکان منداڵی ساوان و هەروەها ئێمە لەنێو قوربانیەکاندا مەزەندە دەکەین دایکی ئەو ساوانەش هەبن ، هەموو هەوڵێکیشمان داوە بۆ ناسینەوەی ناسنامەی قوربانیەکان و مێژوویان و خێزانەکانیان ، ئەوەی ئێمە هەستام پێ کردووە قوربانییەکان خەڵکی گوندی بچووکن لە ڕۆژهەڵاتی قەزای دوکان بن ، لەو ناوچەیەدا کە ئێوە ئاگادارن سەددام حوسێن و هێزەکانیان یەکەم شالاوی ئەنفالیان تیادا ئەنجامداوە و وا دەردەکەوێت هەر لە ماوەی ئەو شالاوەدا هەموویان کوژراون ، بەڵام نەمانتوانیە لەمە زیاتر بزانین و چی زیاترمان بۆ دەردەکەوێت .

گۆڕە بەکۆمەڵەکەی دووەمیش ئێسکو پروسکی 160 پیاوی تێدایە ، وەك دەردەکەوێت هەموویان جلوبەرگی کوردەواریان لەبەردابووە ، هەروەها بۆمان دەرکەوتووە لە زۆربەی حاڵەتدا چاویان دەرهێنراون . لەهەندێ حاڵەتی دیکەشدا دەستی ڕاستیان لەگەڵ پیاوێکی دیکە بەستراوەتەوە ، ئەم پیاوانە بە چەکی ئۆتۆماتیکی کوژراون (مەبەست ڕەشاش و کلاشنکۆفە)

لەنێوە لاشەکانیشدا گوللەمان دۆزیوەتەوە . لەهەمانکاتدا ئێمە لەم بارەوە دەمانەوێت بزانین ئەوانەی تەقەیان کردووە چۆن ئەم کارە دڕندانەیان ئەنجامداوە .

ئێمە دەستمان کردووە بەلێکۆڵینەوەیەکی وورد لەسەر هەریەك لە قوربانیەکان و حاڵەتەکەمان بە دیکۆمێنت کردووە و هەوڵیش دەدەین لەو بارو دۆخە تێبگەین کە بونەتە هۆی مردنیان و لەسەر ئەم مەسەلەیە دەمێنینەوە .

ئێمە لێرەین بۆ راپۆرت لەسەر کارەکەمان ، هەروەها بۆ داواکردنی یارمەتی ئێوەش پێویستمان بە چەندین رێگە هەیە ، ئێستا کاتی ئەوەیە چی بکەین ، ئێمە ئەو زەمەنەمان تێپەڕاند باس لەو کردەوەیە بکەین ، ئێستا پێویستمان بەکارکردنە .

ئێمە پێویستمان بەوەیە خێزانی ئەو قوربانیانە بدۆزینەوە و بزانین خێزانەکەیان چی لە بارەی بێ سەرو شوێنەکەیان دەزانن ، خێزانی قوربانیەکان پێویستیان بەوە هەیە دیداریان لەگەڵ دا بکرێت ، بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەیان لە تواناداا هەیە پێشکەش بە لێکۆڵینەران و دەستەی دادگای تایبەتی عێراق بکەن .

ئێمە پێویستمان بەوەیە بتوانین باس لە ئەنفالی یەکەم و سەرجەم تاوانەکانی ئەندامانی رژێمی پێشوو بزانین ، ئەمەش ئەو رێگەیەیە کە دەبێ کاری پێبکەین بۆ ئەوەی عەدالەت بتوانێت ئەم قوربانیانە لەو تاوانە دڕندانە بدۆزێتەوە .

ئێمە پێویستمان بەیارمەتی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامبین لە کارکردن لەسەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان . دەتوانم باس لە کارەکەمان بکەم بەوەی تواینومانە چەند قوربانیەك بگوێزینەوە و دەشتوانین ، ئەم چەند نموونەیە بەکاربهێنین لە بەردەمی دادگا ، هەروەها وەك ئاماژەم پێ کرد ئەم کارە دەرهێنانەوەی لاشەی گۆڕەکان کارێکی مرۆییەوە ئەوەی لە دەرهێنانەوەی لاشەکان بەردەوام بین و بیانگێڕینەوە بۆ میللەتی کورد . لەگەڵ رێز و تەقیدر بۆ هەموو ئەوانەی کە خۆشەویستیان لەدەست داوە .

ئێستا کاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆژە گرنگەیە و دەبێ دەستی پێ بکەین ، دەبێ گوشار بخەینە سەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ ئەوەی هاریکاری پێشکەش بەم پرۆژەیە بکەن ، داوا لە رێکخراوە ناحکومییەکان بکەن بۆ ئەوەی هاریکاری بکەن و سەرچاوەیان هەیە و ئێوەش پێویستانە ، ئێستا کاتی کارکردنە و زەمەنی باسکردنی ئەو تراژیدیانە بە کۆتایی هات .

ئەمە کارێکی زۆر گەورەیە ، تەنها لەو 12 گۆڕە بە کۆمەڵەی دۆزراوەتەوە ، تەنها لە دوو گۆڕی بە کۆمەڵدا نزیکەی 400 هاولاتی تێدابوون و پێشتریش ئاماژەم پێکردن ، هەموویان قوربانی ڕژێمی پێشوون و هەمووشیان کوردن لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا نێژراون . ئەم کارە کارێکی گرانە ، بەڵام من دەزانم ئەم پرۆژەیە بۆ گەلی کورد چەند گرنگە هەروەها دڵنیام سەرکەوتوو دەبین و ئاستەنگەکان دەخەینە لاوە .

دووبارە سوپاستان دەکەم بۆ ئەو کاتەی ئەمڕۆ بۆتان رەخساندم بۆ ئەوەی بۆ ئێوە بدوێم شەرەفێکی گەورەشە کە بەشێك بم لەم پرۆژەیە و زۆر خۆشحاڵیشم کاری لێکۆڵینەوە لەگەڵ دادگای تایبەت بە عێراق بکەم دڵنیام ئێوە هاریکار دەبن بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژە گرنگە سوپاستان دەکەم....

## چوارەم : رۆڵی پەرلەمان لەدادگایی کردنی سەرانی رژێمدا

### د. مارف عمر گول

پەرلەمان وەکو دەزگایەکی قانونی و مینبەری داخوازی و ئامرازی خەبات بۆ داڕشتنی بەرنامە و دەرکردنی بڕیار و یاسای گونجاو کە ڕەنگدانەوەی پێویستی یەکانی جەماوەر بێت ، ئەرکێکی مێژوویی و نەتەوایەتی گەورەی لە ئەستۆ دایە لە ئاستی سەرجەم تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق کە دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون ، دیارە هەلومەرجی سەختی چەند ساڵەی ژیانی پەرلەمانی کوردستان چ بەدەست گیروگرفت و ئاڵۆزییە ناوخۆییەکان و چ بەهۆی نا ئارامی ناوچەکە و هەڕەشەی ڕژێم و دوژمنانی کوردەوە دەبێت لەبەرچاو بگیرێ لە ژیانی ئەم دەسەلاتەدا ، پەرلەمان ، واتا دەسەڵاتی یاسا دانان لە ولاتدا ، کەواتە سەرتاپا دامانی ژیانی جەماوەر و دانیشتوانی ولات دەبێ ببێتە بابەتی کارەکانی .

ئا لێرەوە و بەرپرسیارێتی پەرلەمان بە دوو شێوە دیاری دەکرێت:

یەکەم : بەرپرسیارێتی بەدەنگەوە هاتنی ژیانی کۆمەڵ و داڕشتنی بڕیار و یاسای گونجاو بۆ کاتی پێویست .

دووەم : بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە دەنگەوەهاتنی ئەنجام و ئاسەوارەکانی ئەو تاوانەی کە ڕژێمی عێراق لە دژی جەماوەری کوردستان ئەنجامی داوە .

لێرەدا ، دەبێ ئەوە دیاری بکەین کە ڕژێمی پێشووی عێراق بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو سیاسەتی فەوتاندنی کوردی جێبەجێ دەکرد ، کە بەشێوازی جیا جیا ئەنجامی دەدا ، بۆیە لەم بارەیەوە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان تاکو ئێستا ئەو رۆڵە بەرچاوەی نەگێڕابێ ، ئەوا ئێستا ئیتر کاتی دەستبەکاربوونە بە شێوەیەکی گونجاو و بەرنامەدار بۆ ریز بەند کردنی تاوانەکانی ڕژێم و ریگە خۆشکردن بۆ خەڵکی زەرەرمەند و لێقەوماو لەلایەك و دیاری کردنی بەرپرسیارێتی ڕژێمی پێشووی عێراق و سەرانی لەبەرانبەر تاوانەکانیاندا.

ئاسان نی یە لە کات و شوێنێکی گەمارۆ دراودا پەرلەمان بتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات ، بەڵام لە رۆژگارێکی وەکو ئیمرۆدا ئیتر زەمینەی ئەوە رەخساوە پەرلەمان وەکو دەزگایەکی دیار بەرنامەی خۆی پێشکەش بکات و ئەم هەلە مێژووییە لەدەست نەچێت بۆ پێکهێنانی سەنتەرێك یا دەزگایەکی گرنگ بۆ ئەوەی راستیەکان چ لە مێژوویی رابردوومان یان بۆ ئەم سەردەمە لە مێژوویی تاوانەکانی رژێمەکەی صدام حسێنەوە تۆمار بکات .
کاری چاك بۆ مێژوو دەمێنێتەوە ، خزمەتی مێژو و پشتاوپشت بۆ نەوەکانی داهاتوومان دەمێنێتەوە ، ئێمە چی بلێین ئەگەر نەوەکانی داهاتوومان پێمان بلێین :
چی کراوە بۆ دادگایی کردنی سەرانی رژێمی صدام حسین؟ چی کراوە بۆ قەرەبۆکردنەوەی زیانە گەورەکانی میلللەتەکەمان؟ چی کراوە بۆ کۆکردنەوەی جۆری تاوانە جیا جیاکان ، بە بەڵگە و وێنە و دەنگەوە ، بەڕووداو و بیرەوەریی و گێرانەوەی چۆنیەتی کارەساتەکانەوە .
ناتوانین بلێین هیچ نەکراوە ، بەڵام ئایا ئەو کارانەی کە کراون لە بەرانبەر تاوانی فەوتاندنی نەتەوەیەك و وێران کردنی نیشتمانێك و شێواندنی مێژوویەکدا ئایا ئەو کارانە هەتا ئێستا دەرەقەتی ئەو کارەساتە گەورانە دێن ، بە ڕاشکاوی دەتوانین بلێین ، نەخێر ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر بە جۆرێك دلگران و بەرچاو تاریك ببین ، دەرگا لەخۆمان داخەین .
دیارە کاتێك بەرپرسیارێتی مێژووی بەرەو ڕووی پەرلەمان دەکرێتەوە لەبەر بەهاو قودسیەتی پەرلەمان کە دەنگی هیچ کەسێك نی یە بەتەنیا و دەنگی هەر هەموو لایەنەکانە بەیەکەوە ، هیچ هێزو لایەنێك ، کەسێك لەم میللەتە ناتوانێت ڕووی خۆی لە پەرلەمان وەرگێڕێت لەسەر دەمێکدا کە قۆناغی دیموکراسی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ ئازادییەکانی مرۆڤە ، نە خوازەڵلاّ میللەتێك کەهەتا ئێستا بە هەموو شێوازێك نەك هەر رێگای ئازادی و پێشکەوتنی لیّ زەوت کراوە ، بەڵکو بوونی لە مەترسیدابووە ، هەر یەکێك لە ئێمە ، ئەوانەی لە ژیاندا ماوین ، هەریەك لە شەهیدانی خەباتێکی درێژخایەن و خوێناوی لە پێناوی ئازادیدا ، هەریەك لە منالانی شەهیدانمان ئەرکێکی گەورە دەخەنە ئەستۆی پەرلەمان ، ئەمەش سەروەری یاسا رێگەی بۆ

خۆش دەکات  بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیاری مێژووی خۆی بدات و ئەو سەروەرییەگەورەیە تۆمار بکات .

بۆ ئەوەی بەچاومان بێت بەرامبەر  بڕیاری مێژووی  پەرلەمانی کوردستان  وای بە چاك دەزانین بەمجۆرە دەست نیشانی بکەین :

1. پەرلەمان بڕیارێك دەربکات بۆ پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندی زانیاری و کارکردن بۆ سەرجەم ئەو تاوانانەی کە بەرانبەر بە کوردو کوردستان ئەنجام دراون.
2. لەو دەزگایەدا کۆمەلێك پارێزەر و مافناس و شارەزا کار بکەن کە مووچەی تایبەتیان هەبێت بۆ ئەوەی سەرقاڵی کاری تر نەبن و بەردەوام کاری خۆیان بکەن .
3. ئەو دەزگایە بەرنامەی کاری خۆی هەبێت سەرجەم کارەکانی دابەش بکرێ بەسەر سێ بەشدا بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی .
4. ئەو دەزگایە لەگەڵ (هیئەی تحقیق) و (دعاوی) کار بکات و پردێك دروست بکات لەگەڵ ئەو دادگایەی کە نووسینگەی لە کوردستان هەیە بۆ دادگایکردنی سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراق .
5. کاری ئەو دەزگایە بۆ ماوەیەکی  دیاریکراو نەیبێت و بەردەوام بێ ، وەکو سەرچاوەیەکی مێژووی رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ لە تۆمار کردن و ئاشکراکردنی تاوانەکان و دۆزینەوەی رێگای یاسایی لەدژی تاوانباران .

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەی دەرکردو و دەزگایەکی لەو جۆرە  پێکهات میللەتی ئێمە دەبێتە میللەتێکی دیار لە دونیادا کە ڕۆڵێکی  گرنگی دەبێت لە تۆمارکردنی ڕاستیەکان و تاوانەکانی تاوانباری دژی مرۆڤایەتیدا ، بەمەش خزمەتێکی گەورە  و بەردەوام پێشکەش بە نەتەوەکەمان و مرۆڤایەتی و بە یاسای جینائی لە دونیادا دەکرێت.

بەبێ دوو دڵی دەڵێین ، ئێمە هەتاکو ئێستا نەمانتوانیوە ببینە بەشێکی دیار لە مێژووی یاسایی و جینائی لە جیهاندا ، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە ، بەڵام مێژووی مرۆڤایەتی لە ئێمە و لە

هەموو دونیا دەخوازێت کە هەموو شتێکی تاوانکاری و دیاردە و ڕووداوی دژ بە مرۆڤ تۆمار بکەین ، بۆ ئەوەی سەردەمی جینۆسایدی کورد ببێتە بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتی .
ئەگەر ئەرکی پەرلەمان بە ئەرکێکی گەورە و مێژوویی و نەتەوەیی نەزانین ئەو داوا و ئومێدی لێ ناخوازین ، هەر بۆیە پەرلەمان دەتوانێت ببێتە پەرلەمانی سەردەمی تۆمارکردنی تاوانەکانو هەوڵدان ۆ سزادانی تاوانباران .

## پێنجەم : العدالة ما بعد الصراع والتناقض بين القانون والسياسة

**د. محمد شريف أحمد عميد كلية القانون/ جامعة صلاح الدين**

قد يبدو أن العنوان يسوقنا للخوض في موضوع فلسفي يحلق في أجواء الكيات والعموميات وما وراء الواقع ذلك أن العدالة هي قوام فلسفة الحية ، فإذا كانت الجاذبية قوام الكون والطبيعة فالعدالة هي توزان المجتمع واستقراره ، وهي بالاضافة الى ذلك رسالة الانبياء ﴿ليقوم الناس بالقسط﴾ وانشودة المصلحين ، والملاذ الآمن المستتضعفين ، وصرخة المعذبين في الايام الحالكة والامل المرتجي للمحرومين من عشاق الحرية والاستقلال ، وهي شريعة إلهية وقانون طبيعي وقدر مشترك في وجدان الشعوب والامم . فمهما تجاوز الطغاة في صراعهم مع الشعوب الحرة ، ومع ابطال الحرية ، ومهما تمكنوا من وأد الارداة الحرة والقتل الجماعي كما فعل النظام الديكتاتوري البعثي بشعب كوردستان خاصة وشعب العراق عامة ، وكما فعل الطغاة والاشرار في كل تأريخهم الاسود فان العدالة التي تمثل جانب البقاء للنوع الانساني والخلود لارادة الخير ، وتمثل أيضا الضمير العالمي والوجدان الانساني والارادة الالهية ستقوم بين الركام ، عاجلا أو أجلا ، ناهضة ، لتمرغ الطغاة بوحل الخزي والندامة ﴿ ومن قتل مظلوما فقد جعلنا لولية سلطانا فلا يسرف في القتل انه كان منصوراً﴾. وفي التأريخ الف شاهد ورواية مؤثقة على المصير الاسود للمجرمين الطغاة الذين ساقوا الاحرار الى المقاصل وما ميزوا بين ضعيف وقوى .
هذا الذي نشير إليه بعنوان العدالة هو ما نعنيه في الفكر القانوني بالقانون الطبيعي الذي وصفه بعضهم بالقانون الالهي . كانت هذه الفكرة دوما مرجعا للشعوب والمظلمومين تجاه الطغاة ،

وتعبيرا دينيا عن المباديء السامية المشتركة بين عقلاء الامم والشعوب وهي التي تحكي قصة البحث عن العدالة وطمأنينة الضمير فهي أعلى من أي قانون وضعي . وبعد نضال انساني شاق تجسدت هذه الفكرة في وثيقة الحقوق البريطانية في نهايات العصور الوسطى ثم دونت في الدستور الامريكي ، وظهرت في مباديء الثورة الفرنسية وإعلان حقوق الانسان وأصبحت ثقافة عصرنا في الديمقراطية وحقوق الانسان والمواثيق الدولية التي تحمي كرامة الانسان والشعوب .

ولكن تأريخها في الفلسفة والدين والمجتمع يعكس الصراع العنيف الطويل بين ارادة الخير وإرادة الشر . وقد كنا نحن الكورد في كوردستان العراق ضحايا الطغيان والشر لعقود مضت في ظل الدكتاتورية سقط ثمانية الاف من البارزانين المتمتعين بالهدوء في بيوتهم الآمنة في ليلة ظلماء أو نصف ليلة ، وسقطت مدينة بكاملها بل سكتت في لحظات وتحولت في طرفة عين إلى مدينة أشباح فلم يعد يسمح حفيف الاشجار ولا خرير المياه ، ولا زقزقة الطيور ، ولا صياح الديكة في الصباح ، ولا حتى نباح الكلاب ، كل شيء هناك كان يقول إن القيامة قد قامت وسوف لن تقوم لحلبجة قائمة وستندرس رسومها وإطلالها. ولولا العدل الالهي الذي به قوام السموات والارض لتم لهم ما أرادوا ولكن المكر السيء لا يحيق إلا بأهله.

وما هو أبشع من ذلك وأشنع إلا هؤلاء المجرمين ساقوا مئات الالوف من الفلاحين الكورد الابرياء انفالا لهم حكم الاشياء الى اقصى صور الموت الزؤام في مكان مجهول لا يصل فيه صراخهم الى احد كما ظن الطغاة ، ولكن العدالة الالهية حولت صراخهم في بطون قبورهم الجماعية الى شبح مخيف يهدد الذين اسرفوا في القتل بالانتقام وعقوبة الجبار ، وجعل الذين ساعدوهم يعضون على اصابعهم بالندم ولات ساعة مندم .

والحق إننا لا نخوض هنا في الجانب الفلسفي للفكرة فلسفتنا أمام متعة فكرية أو خيال سياسي ومثلنا في ذلك مثل ذلك الراهب الذي انتقد بوذا بأنه لا يعني بفلسفة الكون والحياة ولا يسأل عن طبيعة الحياة فأشار بوذا الى شخص أصيب بسهم في صدره وقال: المهم بالنسبة إلى هذا الشخص

الجريح المشرف على الهلاك هو أن يخرج السهم القاتل في صدره بسلام: لا الجدال حول طبيعة السهم أو طبيعة المادة الي صنع منها.

وفي صدر شعب كوردستان العراق والشعب الكوردي ألف سهم وسهم وقد انطلق السهم وأصاب مقتله بين جماعات وكان السهم مسموما ليعبر عن مدى وحشية الرامي وقوته وحقده على الضحية . ولا زالت الضحايا تنزف الدم والدموع وتنتظر من الضمير الانساني قدرا من العدالة والانصاف .

واليوم ، وقد سقط نظام الطاغية ، ووقع الاثمون ي قبضة العدالة ، وتحرر الشعب العراقي عامة والشعب الكوردي من الخوف ، وتهيأت الاجواء لا ينهض رجال العدالة بمهامهم في إقامة حكم العدالة بحق المجرمين الذين انتهكوا الشرائع والقوانين وارتكبو جرائم الجينوسايد وضد الانسانية وضد الشعب العراقي عامة وضد الشعب الكوردي خاصة لا سيما في قضية حلبجة والانفال والبارزانين وكل شهداء الحركة التحررية الكوردية ، وفي قضية ترحيل الكورد عامة والفيليين الكورد خاصة دون رحمة أو ذرة من الانسانية. بالاضافة الى تعويض عادل يشعر المصابين والمتضررين وذوي المنكوبين بأن العدالة لن تموت.

وحيث ان تدوين الوقائع التي هي فظائع قلما أصيب شعب اخر بمثلها في التأريخ المعاصر وأن تدوينها يخلد نضال الشعب الكوردي ومعاناة احراره لتأيخ طويل لابد أن يطلع عليه الامم واجيال الشعب الكوردي فأني اقترحت أن تؤسس هيئة عامة يلحق بها مئات من القضاة والحوقوقين والمحامين للنهوض بهذا المهمة المقدسة كألآتي:

1. تؤسس هيئةعامة لها شخصية معنوية تتبع المجلس الوطني لاقليم كوردستان تسمى هيئة متابعة العدالة لشعب كوردستان من ضحايا الجينوسايد (الانفال والكيميوي) والجرائم ضد الانسانية (الترحيل والتعريب والتعذيب والتمييز العنصري).
2. تتكون هذه الهيئة من عدد متفرغ من القضاة والمحامين والمستشارين والحقوقين قادر على اداء المهمة.

3. تشكل هذه الهيئة لجاناً من كل محافظة وقضاء مهمة تتولى تفعيل الدعوي والحقوق التي يستحقها المتضررون من جرائم الجينوسايد والجرائم ضد الانسانية والتي ارتكبت ضد شعب كوردستان من حملات الانفال والقصف الكيمياوي وتهجير الفيلين الكورد واغتصاب اموالهم وقتل اولادهم في عهد الطاغية صدام.
4. مهمة الهيئة الاشراف على عمل اللجان وتأمين متطلباتها بواسطة جهاز اداري ومالي .
5. لهؤلاء الاعضاء الاستعانة بالجهود التوثيقية التي بذلتها منظمات ومراكز مختصة لتدوين وقائع الجينوسايد.
6. على كل لجنة رفع التقارير الفصلية عن نشاطاتها في الميدان القضائي والتوثيقي ، وتقوم الهيئة برفع التقارير كل نصف عام الى المجلس الوطني لاقليم كوردستان.
7. تهيأ للعاملين في هذه الهيئة المستلزمات المادة والوظيفية ورواتب مجزية.

وإذا كنا جادين في انصاف ضحايانا وفي اقامة العدل وفي الوفاء ببعض ما لشهداء الكورد وكوردستان من دين في رقابنا ، نحن الذين نتمتع اليوم بثمار تضحياتهم من الحرية والكرامة ، فعلينا تأسيس هذا الجهاز المستقل الفاعل الذي يتفرغ له أو لابد ان تفرغ له مختصون عملا وتوثيقا وقضاء وإعلاما وادعاءً ودفاعاً تخليداً لذكراهم.

وأمام الذي جرى من المشاهد المريرة المروعة ضد شعب كوردستان ويراد له ان يجري من جديد بفعل الغرباء وبقايا الفاشست العنصريين تثار تساؤلات حول القيمة الحضارية للتأريخ القانوني الطويل للعراق بلد حمورابي ولما بضمه من تراث معرفي إسلامي هائل والحق ، كما قال كوفي عنان في صحوته الاخيرة : ( إن حكم القانون بوصفه مجرد مفهوم لا يكفي ولابد للقوانين ان توضع موضع الممارسة وأن تنفذ الى نسيج حياتنا ) ولكن شيئا من ذلك لم يحدث في العراق فكانت الحكومة حكومة الاشخاص لا حكومة القوانين . ومن هنا يأتي التناقض بين المفهوم القانوني المجرد الذي يفترض فيه الحياد والحكم العادل دون هوى أو تحيز وبين السياسية التي

تدفع السلطة الغاشمة لتحويل القانون ، هذا الصرح الحضاري العظيم بناء الج تمع ، إلى لعب وسيلة واداة تقود بها الشعب والمجتمع إلى مزالق العبثية والفساد .

وبعد كل هذا التجارب المريرة التي عاناها شعب كوردستان في ظل نظام مركزي عربي عراقي ، لا يعقل أن يستغفل مرة اخرى بشعارات براقة تجعلنا نتخلى عن حقنا في تقرير المصير وعن إرادتنا الحرة في نظام فيدرالي ديمقراطي عراقي يتمتع فيه اقليم كوردستان بمشاركة فاعلة مؤثرة متساوية القوة في المركز واستقلال كامل لتنمية وتطوير الاقليم . وبدون ذلك سيبقى شعبنا ضحية عقول استعلائية ( مرة بأسم العروبة ومرة اخرى بأسم الاسلام ) ولا تزال ترفض حق الآخر واحترامه.

## شەشەم : قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تاوانەکانی صدام ودارو دەستەکەی لە کوردستان

**ڤالا فرید ابراهیم**

بابەتەکەمان باس لە بەرپرسیارێتی مەدەنی حکومەتی نوێی عێراق دەکات بەرامبەر بە تاوانی کۆمەڵکوژییەکەی کە صدام و دارودەستەکەی دژ بە گەلانی کوردستان ئەنجامیان دابوو .

بێ گومان یاسای گشتی نێودەولەتی دانی بە کۆمەڵێك ماف ناوە بۆ دەوڵەت لە سەر ئاستی نێودەولەتی ، یەکێك لەو مافانە مافی بەکارهێنانی دەستەلاتەکەی خۆی هەیە لە سنووری شکۆمەندییەکەیدا و مافی زامنکردنی سەربەخۆی سیاسی هەیە ، وە مافی پاراستنی سەلامەتی هەرێمەکەی هەیە ، وە مافی ئەوەی هەیە کە یەکسان بێت لەگەڵ ولاتانی تری جیهان ، بەلام بەرامبەر بەم مافانە کۆمەڵێك ئەرك هەیە کە پێویستە لەسەری پەیڕەویان بکات لەهەموویان گرنگتر بۆی نی یە ئەم مافانەی کە پێی دراوە بەشێوەیەکی نایاساییانەی ئەوتۆ بەکاریان بهێنێت کە ببێتە مایەی جینۆسایدکردنی هاولاتییانی خۆی ، یان دەستدرێژی کردنە سەر

ولآتانی تر و شێواندنی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ، چونکە لە کاتی جینۆسایدکردنی هاولآتیانی خۆی یان بەزاندنی سنووری ولآتانی دراوسێ خۆی رووبەڕووی بەرپرسێتی مەدەنی دەولی دەکاتەوە کە جۆرێکە لە جۆرەکانی بەرپرسێتی یاسایی لە دیدی یاسای نێودەوڵەتیدا ، چونکە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دوو جۆر بەرپرسێتی هەیە :

یەکەمیان : بەرپرسیارێتی ( تاوان )ە کە رووبەڕووی کەسانی تاوانبار دەبێتەوە وەکو صەدام و دارودەستەکەی .

دووەمیان : بەرپرسیارێەتی مەدەنییەکە رووبەرووی دەوڵەتی تاوانبار دەبێتەوە ئەو دەوڵەتەی کە تاوانباران لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە کاربەدەست بوونە لە ولآتەکە وەکو صدام و دارودەستەکەی کاتێك کە تاوانی جینۆسایدیان ئەنجامداوە دژ بە گەلی کورد وەکو سەرکردەی ولآت ئەنجامی داوە واتا نوێنەرایەتی دەوڵەتی عێراق کردووە ، بۆیە عێراقیش وەکو دەوڵەت بەرپرس دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی و نوێنەرایەتی و دەسەلآتی خۆی .

ئەوەی شایەنی باسە کە عێراق ناتوانێت خۆی لەم بەرپرسیارییەتە رزگار بکات بەبیانووی بوونی بەربەست واتا بوونی رێگری بەرپرسیارییەتی دەوڵەتی چونکە بەپێ ی ماددەی (26) لە پرۆژەی بەرپرسێتی ولآتان لە سەرکارە ناڕەواکانیان(2001) نە کەسی تاوانبار و نە وولآتی تاوانبار ناتوانن خۆیان لەبەرپرسێتی تاوانی جینۆساید رزگار بکەن بە بیانوی بوونی رێگر لە رێگرەکانی بەرپرسیارییەتی نێودەوڵەتی چونکە تاوانباران بە ئەنجامدانی تاوانەکەیان پێشێلی بنەمایەکی بنبڕیان کردووە لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆیە هیچ لێبوردنێك نایانگرێتەوە .

خالێکی تری گرنگ ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی صدام و دار و دەستەکەی و بەرپرسیارێتی دەوڵەتی عێراق بەهیچ شێوەیەك بەسەر ناچێت و مافی قوربانیان لەلایەن دەوەڵەتی عێراقەوە نافەوتێت ئەمەش بەپێی پەیماننامەی (عدم تقادم جرائم الحرب والجرائم المرتكبة ضد الانسانية لسنة 1966).

نموونەی زیندووش بۆ ئەم قاعدەیە مەسئولیەتی مەدەنی ئەڵمانیایە کە ئێستا خەریکی قەرەبوو کردنەوەی جولەکەکانە لەسەر ئەو جینۆساییدەی کە هیتلر لە سالآنی چلەکان دژ بە جولەکەکانی ئەنجامدابوو .

جا دوای سەلماندنی بەرپرسێتی مەدەنی حکومەتی نوێی عێراق بەرامبەر بە تاوانی جینۆساید و دوای زانین کە ئەم حکومەتە بەهیچ جۆرێك ناتوانێت خۆی لەم بەرپرسێتە رزگار بکا ، ئینجا با بزانین بەپرسێتی حکومەتی نویٚ عێراقە چییە؟ ماددەی (30) لە پرۆژەی بەپرسێتی وڵاتان لەسەر کارە ناڕەواکانیان بەرپرسێتی حکومەتی نوێی عێراق دیاری دەکات بەم خالانەی خوارەوە :

1. قەربوو کردنەوەی تێکڕای ئەو زیانانەی کە لە قوربانیان کەوتووە جا ئەو زیانە ماددی بێت یا مەعنەوی .
2. پێشکەش کردنی گرەنتی بە دووبارە نەکردنەوەی تاوانەکە.
3. قەرەبوو کردنەوە: لە یاسای گشتی نێودەولەتی دا قەرەبوو کردنەوە سیٚ جۆرە:

گەڕانەوەی مافەکان:

1-1 قەرەبوو کردنەوەی ماددی قوربانیان.

1-2 ڕازی کردنی قوربانیان (الترضية)

گەڕانەوەی مافەکان:

گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکان یان (الرد) ئەوە دەگەیەنێت کەپێویستە لەسەر حکومەتی نویٚ عێراقی هەستێت بە گێڕانەوەی باروودۆخەکە بۆ پێش ڕوودانی تاوانەکان واتا گێڕانەوەی تێکڕای مافە زەوتکراوەکان ، گێڕانەوەی ئەو مافانە مانایەکی فراوان دەگرێتە خۆی وە هەموو ئەو مافانە دەگرێتەوە وە کە لە ئاکامی ئەو تاوانە زەوتکراوان.

گێڕانەوەی مافەکانیش سیٚ جۆرن:

أ. گێڕانەوەی ماددی : واتا گێڕانەوەی مافە ماددیەکان وەکو ماڵ و موڵك و زەوی و کانو کارگەکانە بە شێوەیەکی نایاسایی لە هاولآتیان زەوتکراوە.

ب. گێڕانەوەی یاسایی: بریتی یە لە گێڕانەوەی ماڵ و موڵکە زەوتکراوەکان ، وە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقە یاساییەی کە پێچەوانەی رێککەوتنامەی دەولی و پرەنسیپی مرۆڤایەتین .

ت. گێڕانەوەی ماددی و یاسایی لەیەك کاتدا : بریتی یە لە گێڕانەوەی ماڵ و موڵکە زەوتکراوەکان ، وە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقە یاسایەی کە ئەو ماڵ و موڵکەی پێ زەوت کراوە ، واتا لە کاتێکدا ماڵ و موڵکە زەوتکراوەکە دەگێڕدرێتەوە لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەو دەقە یاسایی و کارگێڕییانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە ئەو ماڵ و موڵکەی پێ زەوتکراوە.

نموونەش بۆ ئەمە: هەڵوەشاندنەوەی (قراري مجلس قيادة ) رقم 529 کە لە 24/أب/ 1989 دەرچووە دەقەکەش تایبەت بوو بە بەشداری نەکردنی هاولآتیانی کورد لە کڕینی خانوو بەرەو زەوی زار لە ناوچەی دەرەوەی ئۆتۆنۆمی واتا کەرکوك و دەوروبەری .

هەروەها هەڵوەشاندنەوەی قراری تایبەت بەتصحیح القومیة رقم 199 کە لە 2001/9/6 وە هەروەها هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژماری666 کە لە 7ی ئایاری 1980 دەرچوو و تایبەت بوو بە لێسەندنەوەی جنسیەی عێراقی لە فەیلیەکان ، وە هەروەها هەڵوەشاندنەوەی قراری ژمارە 1391 کە لە 1981/10/20 لە لایەن (مجلس قيادة الثورة) دەرچووە وە تایبەت بوو بە دەرکردن و راگواستنی هاولآتیانی کورد . لە جێگای بنەڕەتی خۆیان و بە زۆر نیشتەجێ کردنیان لەو کۆمەلگا زۆرەملێیانەی کە لەلایەن رژێمەوە لە خواروو و ناوەڕاستی عێراقدا بۆیان دورستکرابوو.

ئەوەی شایەنی باسەکە ئەم بڕیارانە هەر هەموویان جێبەجێکردنیان لەگەڵدابوو ، بۆیە کاتێك ئەو بڕیارانە هەڵدەوشێنردێنەوە لەهەمان کاتیشدا پێویستە مافە زەوتکراوەکان بگێڕدرێنەوە ،

ئەگەر بڕیاری تایبەت بە کێشانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە فەیلییەکان هەڵبوەشێتەوە لەهەمان کاتیشدا دەبێت رەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو هاوڵاتییانە بگێڕدرێتەوە کاتێك بڕیاری راست کردنەوەی نەتەوە هەڵدەوەشێتەوە دەبێت نەتەوەی ئەو هاوڵاتییانە بکرێتەوە بە کوردی وە کاتێك بڕیاری تایبەت بە راگواستنی هاوڵاتیانی گوندو شارۆچکەکان هەڵدەوەشێندرێتەوە لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو هاوڵاتیانە بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان .

1-2-1قەرەبوو کردنەوەی ماددی قوربانیان :

بیٚ گومان قوربانیان تاوانی جینۆساید بەشی زۆریان مردوون و گیانیان بۆ ناگێڕدرێتەوە چونکە گێڕانەوەی رووح بۆ مردووەکان نەتوانراوە ، بۆیە روو دەکەینە قەرەبوو کردنەوەی مادی ئەو قوربانیانە ، ئەم قەرەبوو کردنەوەش دوو جۆر دەگرێتەوە خۆی:

أ. قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کە لە گیانی و جەستەی مرۆڤەکان کەوتوون .

ب. قەرەبوو کردنەوەی زیانی موڵك و ماڵی قوربانیان .

سەبارەت بە قەربوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لە گیان و جەستەی قوربانیان کەوتوون دوو جۆرن:

یەکەم: قەرەبوو کردنەوەی قوربانیە کوژراوەکان .

دووەم: قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لە جەستەی قوربانیە زیندووەکان کەوتووە.

یەکەم: بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەڵکە بیٚ تاوانەی کورد کە لە ئاکامی شالاوەکانی ئەنفال و کاولکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و کیمیاباران و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ و ئەشکەنجەدانی دڕندانە گیانیان لەدەست داوە ، ناتوانین قەرەبووی شخصی ئەو قوربانیانە بکرێتەوە بۆیە پەنا دەبەینە بەر ئەو پرەنسیپە یاسایەی کە دەڵێت : (پێویستە قەرەبووی کەس و کاری کوژراو بکرێتەوە و بەپێی میراتگری بەسەریاندا دابەش بکرێت).

بۆ ئەمەش میراتگرانی شەرعی قوربانیە کوژراوەکان دوو مافی قەرەبووکردنەوەیان دەبێت:

1. مافی قەرەبووکردنەوەیان لە بڕی ئەوەی کەسێکی نزیکیان کوژراوە وە بەپێی میرات وەری دەگرن .
2. مافی قەرەبوو کردنەوەیان لەسەر ئەو زیانانەی کە لەئەنجامی کوژرانی ئەو کەسە لە میراتگرە شەرعییەکان کەوتووە .

دووەم : قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی کەلە جەستە و دەروونی قوربانیە زیندوەکان کەوتووە .

ئەم قەرەبووکردنەوەیە هەموو ئەو زیانە قورسانە دەگرێتەوە کە لە جەستە و دەروونی هاولاتیان کەوتووە ، چونکە یاسا تەنها مافی ژیان ناپارێزرێت ، بەڵکو مافی پیادەکردنی ژیانیش دەپارێزێت ، لەم ڕوانگەیەوەش لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کردنە سەر جەستە و دەروونی قوربانیان بەهۆی تاوانەکانی ئەشکەنجەدان و بە عەرەب کردن و کیمیاباران دەبێتە ئاستەنگ بۆ پیادەکردنی مافی ژیان ، بۆیە ئاستەنگ بۆ پیادەکردنی مافی ژیان وەکو جۆرێك لە جۆرەکان جینۆساید مافی قەرەبووکردنەوەیان هەیە ، بۆ ئەمەش ئەو خەڵکانەی کە لە ئاکامی تاوانەکانی جینۆساید زیانی جەستەیی و دەروونیان بەرکەوتووە مافی خۆیانە داوای قەرەبووکردنەوە بکەن .

ب- قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە موڵك و ماڵی قوربانیان کەوتووە ، ئەو قەرەبووکردنەوەیە تێکڕایی ئەو زیانانە دەگرێتەوە کە لە موڵك و ماڵی هاولاتیان کەوتووە ، لە ئاکامی پیادەکردنی جینۆسایدی ئابووری و ژیان.

بەم جۆرە ئەو خەڵکەی کە لە شار و دێهاتەکان خانووی روخێنراوە زەوەییەکەی سوتێنراوە دوکانەکەی کاوڵ کراوە بۆی هەیە داوای قەرەبووکردنەوە بکات ، هەروەها بۆی هەیە داوای قەرەبووکردنەوە بکات ، هەروەها داوای قەرەبووکردنەوە بکات بە بیانووی ئەوەی کە چەند ساڵە نەیتوانیوە سود لە ماڵ و موڵکەکەی وەربگرێت و بەم جۆرە بەپێی ماددەی (207) لە

یاسای مدنی عێراقی ئەو هاولاتیانەی که زەرەر له ماڵ و موڵکەکەیان کەوتووە مافیان هەیە کە داوای دوو جۆرە قەرەبووکردنەوەی بکەن:

یەکەمیان: قەرەبوو کردنەوەیە لەسەر زەرەری لێ کەوتوو واتاالضرر اللاحق).

دووەمیان: قەرەبووکردنەوەیە لەسەر سوودی فەوتاو واتە (الکسب الفائت).

بۆ نموونە ئەگەر جوتیارێك سەرووسامانەکەی پارچەیەك زەوی بووبێت و ئەم پارچە زەوی یەی لەدەست چوبێت بەهۆی رشانی بە ماددەی کیمیاوی یان مین رێژکردن ئەوا ئەم جووتیارە بۆی هەیە داوای:

1. قەرەبووکردنەوە لەسەر ئەو زەرەرەی کە بەر زەوی یەکەی کەوتووە لە ئەنجامی کیمیاباران کردنی و هەروەها مین رێژکردنی.
2. قەرەبووکردنەوەی ئەو داهاتە کە لە دەستی چووە بەهۆی نەمانی کێڵگەکەی هەر لە رۆژی فەوتانی کێڵگەکەی تا ئەو رۆژەی حوکمی قەرەبووکردنەوەی بۆ دەردەچێت.

بێ گومان قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە مادیانەش پێویستە بەپێی نرخی ئەمڕۆی بازاڕ بخەملێنرێت .

1-2-2 قەرەبووکردنەوەی زیانە مەعنەوییەکانی تاوانەکە:

زیانی مەعنەوی کە لە ئاکامی تاوانی جینۆساید دروست بوون خۆی لەدەستدانی خۆشەویستیان و کەسە نزیکەکان دەبێتەوە ، وە هەروەها ئەو ئازارە دەروونی و ناڕەحەتییەی کە لەئاکامی کەم ئەندامبوون و لەدەسەتدانی ئەقڵی مرۆڤەوە پەیدادەبوون ، هەروەها پچڕانی پەیوەندی کۆمەلایەتی قوربانیان بەهۆی دوورخستنەوەی لە خزم و کەسەکانی و نیشتەجێ کردنی بەزۆر لە خوارووی عێراقدا لەگەڵ خەڵکانێك کە جیاوازن لەگەڵی لە ڕووی زمان و مێژوو و کەلتووردا.

ئەوەی جێگای سەرەنجە ماددەی (31ِ) لە پرۆژەی بەرپرسێتی دەولەتان لەسەر کارە ناڕەواکانیان و ماددەی (205) لەیاسای مەدەنی عێراقی جەخت لەسەر قەرەبووکردنەوەوەی زەرەری مەعنەوەی دەکەنەوە.

2–3قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ژینگەی تاوانەکە:

بێگومان زیانی ژینگە تێکڕای ئەو زیانانە دەگرێتەوە کە بۆتە هۆی تێکدانی یان گۆڕانی ژینگ ، جا بۆ ئەم مەبەستە تیمێکی توێژنەوەی بەریتانی لەسالی 1993 دوای توێژینەوەی خاکی هەلەبجە بۆیان دەرکەوت کە بەهۆی بەکارهێنانی گازی کیمیاوییە ئەلقەکانی خولی سروشتی زەویەکە نەماوە ، بێگومان ئەلقەی خولی سروشتی ژیانیش ( ئاو ، زەوی ، رووەك ، ئاژەلّ ، مرۆڤ ) دەگرێتەوە .

هاتنە ناوەوەی مادەی کیمیاوی بۆ هەر یەکێك لەو ئەلقانە دەبێتە هۆی ئەوەی خولی سروشتی تێکبچێت ، بۆ نموونە کیمیابارانەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە مادەی کیمیاویەکە لەلایەن رووەکەوە هەلمژرێت و بۆەتە بەشێك لە پێکهاتەی رووەکەکە ، ئەم مادە ژەهرانە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو ئاژەلەی رووەکەکە دەخوات لەوێشەوە بۆ ئەو مرۆڤەی گۆشتی ئاژەلەکە دەخوات .

بێگومان خەلکی هەلەبجە بە هەموو جۆرێك مافی پاك کردنەوەی زەوی و زارەکانیان هەیە ، ئەوەی شایەنی باسە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کۆمەلە رێکخراوە تایبەتیەکان بە پاراستنی ژینگە دەتوانن داوا بەرزبکەنەوە لەسەر حکومەتی نوێی عێراقی بۆ ئەوەی هەلستێت بە کاری پێویست بۆ پاکردنەوەی ژینگەی هەلەبجە.

2–1–3رازی کردن : (الترضية)

رازی کردن جۆرێکە لە جۆرەکانی قەرەبووکردنەوە ، پێویستە لەسەر حکومەتی نویّ ی عێراقی کە ئەم ئەرکە ئەنجام بدات . و پێشکەش کردنی رەزامەندی جۆری زۆرە: یەکێك لە جۆرە هەرە بەناوبانگەکانی بریتییە لە راگەیاندنی بیّ شەرعیەتی ئەم تاوانەی کە دژ بە گەلی کورد کراوە لەلایەن دادگاوە یان لەلایەن دامەزراوەی دادگەری تایبەتەمەند بە دادگایی کردنی

سدامو دارو دەستەکەی رابگەیەنێت کە ئەو کارە دوژمنکارییە کە صەدام و دارودەستەکەی دژ بەگەڵی کورد ئەنجامیان داوە ، تاوانی جینۆساید و پێچەوانەی بەیاننامەی قەدەغەکردن و سزادانی تاوانبارانی جینۆساید کە لەساڵی1948 دەرچووە . و ئەم ئیعلانە کە لەلایەن دادگای ناوبراو دەردەچێت خۆی لەخۆیدا دانپاییانانە بە تاوانی جینۆساید و جۆرێك لە رازی کردن . جۆرێکی تری بریتی یە لە ئیعتیزار هێنانەوە بۆ گەلی کورد لەلایەن حکومەتی نوێی عێراق بەشێوەیەکی تایبەتی لەلایەن حکومەتەوە پێو یستە لەسەری ئیعتیزار بۆ قوربانیانی تاوانەکە بهێنێتەوە.

2– پێشکەش کردنی گەرەنتی بۆ دووبارە نەکردنەوەی تاوانەکە پێویستە لەسەر حکومەتی نوێی عێراق کە گەرەنتی پێشکەش بە گەلی کورد بکات بە دووبارە نەکردنەوەی تاوانەکە لە داهاتوودا .

بەهێزترین جۆری گەرەنتی کە پێویستە گەلی کورد داوای بکات لە حکومەتی نوێی عێراقی ، بریتیە لە دارشتنی مادەیەکی تایبەت لە دەستوری هەمیشەیی داهاتووی عێراق بە دووپات نەکردنەوەی ئەو تاوانە دژ بە گەلی کورد و پابەندبوون بە پەیمانامەی قەدەغەکردن و سزدانی ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید کە دەوڵەتی عێراق هەر لە ساڵی1952 پەیوەندی کردووە بۆ ئەم موعاهەدەیە بەبێ ئەوەی پابەند بێت پیَ ی .

سەبارەت پێشاندانی رێگاو شوێن بۆ قوربانیان کە رووی تێبکەن بۆ داواکردنی مافەکانیان ، ئەوا پێویستە داواکاریەکان لە داداگای تاوانی تایبەتمەند بە دادگایی کردنی صدام و داروەدەستەکەی بۆ مەبەستی سزادانی صدام و دارودەستەکەی بەرز بکەنەوە ، بۆ سەلماندنی ئەو تاوانانەی کە لە دژیان ئەنجامدراوە و پاراستنی و وەرگرتنی مافە مەدەنیەکانیان.

**حەوتەم: ابادة الجنس البشري في كردستان**
**(ضرورة محاسبة الفاعلين وتعويض المتضررين)**

## الدكتور منذر الفضل

### مقدمة :

تهدف جريمة إبادة الجنس البشري Genocid الى قتل الجماعات او المجموعة البشرية بوسائل مختلفة وتعتبر من الأعمال الخطيرة التي تهدد أمن وسلامة المجتمع لأنها تؤدي الى إبادة أواضطهاد كائنات إنسانية كليا او جزئيا بسبب طبيعتهم الوطنية اوالعرقية او السلالية او الدينية , وهي ترتكب بصورة عمدية ولا تنحصر أثارها على الوضع الداخلي للدولة التي تقع في نطاق حدودها الأقليمية و انما تمتد حتى الى الأسرة الدولية بسبب أثارها الشاملة . وهي ليست من الجرائم السياسية و انماتعد من الجرائم العمدية العادية حتى وان ارتكبت بباعثسياسي .

و يعود التطور التاريخي لهذه الجريمة الى العصر البابلي وقامت بأرتكابها الدولة العثمانية ضد الأرمن كما جرى إرتكابها اثناء الحرب العالمية الأولى حين استعمل الألمان الغازات السامة في فرنسا وكذلك في اثناء الحرب العالمية الثانية للفترة من 1939–1945 , وقد أرتكبت هذه الجريمة في العراق أيضا ضد الشعب الكوردي سواء في كردستان العراق أم في مناطق العراق الأخرى كما حصل ضد الكورد الفيلية من جرائم التهجير و الأختفاء القسري والأعدامات خارج نطاق القضاء وكذلك ضد الشيعة في وسط و جنوب العراق في أوقات مختلفة مما يؤكد أهمية وخطورة هذه الجريمةوكونها من الجرائم الماسة بحقوق الانسان الأمرالذي دفع بالأمم المتحدة الى وضع اتفاقيتين دوليتين لتنظيم احكامها وهو ما حثها الى عقد اجتماع في روما لتأسيس محكمة جنائية دولية عام 1998 ولدت الى النور في نيسان من عام 2002 واودعت الاتفاقية لدى الامم المتحدة وحدد قضاتها الذين سينظرون في مختلف الجرائم الدولية ومنها جريمة إبادة الجنس البشري ومما يدخل في اختصاصاتها مثل هذهالجرائم الدولية اعتبارا من1 ايلول2002 .

ومما يتعلق بأنتهاكات حقوق الانسان و جريمة ابادة الجنس البشري هي سياسة الاضطهاد الطائفي التي يمارسها النظام ضد ابناء عشائر جنوب العراق ووسطة من اتباع المذهب الشيعي ولعل أوضح دليل على ذلك مظاهر التمييز الخطيرة ضدهم والاهانات والتحقير لسكان من خلال

سلسلة مقالات نشتر في صحيفة الثورة عقق الانتفاضة في نيسان عام 1991 التي تضمنت تلك الافكار عبارات الاهانة والتحقير وبخاصة ضد سكان الاهوار التي شككت في عروبيتهم وعراقيتهم وهو ما وفر للنظام مناخا لضرب مدن الجنوب وسكان الاهوار بصنوف الاسلحة والتدمير الابادة الجنس البشري وانشاء ما يسمى بـ (النهر الثالث–نهر صدام. (ولا شك أن هؤلاء السكان يعيشون في منطقة تعد من أقدم مناطق العالم في التأريخ حيث شهدت اولى الشرائع القديمة وهي الشرائع البابلية والسومرية ومنها شريعة اور نمو ولبت عشتار وايشنونا ومن ثم شريعة حمورابي.

ولم تعد قضية حقوق الإنسان و الأنتهاكات البليغة التي ترتكبها الأنظمة الدكتاتورية مسألة داخلية لا يمكن للأسرة الدولية أن تتدخل لوقف قمع السكان المدنيين أو أن يبقى المجتمع الدولي متفرجا من قضية التطهير العرقي أو الجرائم الدولية الخطيرة التي يرتكبها بعض الحكام الظالمين في أي بقعة من الأرض , وإنما أضحت مسألة إحترام حقوق البشر قضية تهم المجتمع الدولي ولا تنحصر بشؤون الدولة الداخلية ولا تتعلق بالأمن الوطني فقط أو تخرق مبدأ التدخل في الشؤون الداخلية للدول التي تنتهك هذه الحقوق , لأن هذه الأنتهاكات صارت مصدرللقلق وعدم الأستقرار للمجتمع الدولي .و أضحت هذه الجرائم سببا خطيرا للنزاعات والحروب مما يؤثر إستمرارها على الأمن والسلم الدوليين خصوصا إذا جاءت هذه الأنتهاكات ضمن ممارسات إرهاب الدولة .

وفي العراق بلغت قضية إهدار حقوق الأنسان حدا خطيرا لا يمكن إغفاله , فالأنتهاكات التي مارسها نظام البعث – صدام منذ عام 1968 وحتى تاريخ سقوطه في 9 نيسان 2003 وبخاصة ضد الكورد في كردستان العراق وضد الشيعة و الأقليات الأخرى من سياسة التمييز و القمع والأضطهاد و التي ازدادت بعد اندلاع الحرب بين إيران والعراق عام 1980 وما تبعها من استعمال السلاح الكيماوي في مناطق متعددة من العراق و بخاصة في حلبجة عام 1988 و من احتلال دولة الكويت عام 1990 , و تجفيف الاهوار وتدمير البيئة وتسميم المياة وضرب مدن الجنوب بالصواريخ...كل هذه الجرائم الدولية و من بينها جرائم الأبادة للجنس البشري شكلت

خرقا واضحا للدستور و لكل القوانين و الالتزامات الدولية والأعراف وحتى للديانات السماوية والقيم الإنسانية مما دفع مجلس الامن الى اصدار القرار رقم 688 لحماية العراقيين من بطش النظام .ولذلك لابد من الحديث عن هذه الجرائم وتقسيم البحثعلى النحو التالي :

القسم الاول : تحديد مفهوم جريمة إبادة الجنس البشري

القسم الثاني : الجرائم الدولية ضد الجنسالبشري في العراق

**القسمالأو ل**

**تحديد مفهوم جريمة ابادة الجلسبشر**

نصت إتفاقية منع إبادة الاجناس البشرية والمعاقبة عليها لعام 1946 على أحكام الجريمة المذكورة فالأبادة يقصد بها التدمير المتعمد للجماعات القومية او العرقية او الدينية او الاثنية ويراد بكلمة الأبادة قتل الجماعةGenocide إذ أقترن مصطلح جريمة الأبادة مع النازية اولا حيث جرى قتل ملايين البشر بسبب دينهم او أصلهم العرقي وأعتبرت الجريمة من نمط الجرائم ضد الانسانية حتى ولو لم تكن الجريمة إخلالابالقانون الداخلي للأنظمة المنفذة له.

ولاشك ان ارتكاب الأفعال بقصد التدمير الكلي او الجزئي لجماعات قومية او اثنية او عنصرية او دينية تقع من خلال أشكال متعددة وسواء أكانت الجريمة بصورة مباشرة ام بالتحريض عليها ام بالتأمر على ارتكابها وسواء اثناء السلم ام الحربفقد جاء في المادة الثانية من الاتفاقية مايلي

| 56 | Bla dokawe | | Koysinjak | Ranya |
| 57 | Zini | | Koysinjak | Ranya |
| 58 | Talarukawa | | Koysinjak | Ranya |
| 59 | Wara | | Koysinjak | Ranya |
| 60 | Nowaw | | Koysinjak | Ranya |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 61 | Saruchawa | | Koysinjak | Ranya |
| 62 | Acoiyan | | Koysinjak | Ranya |
| 63 | Ganaw | | Koysinjak | Ranya |
| 64 | Biliy | | Koysinjak | Ranya |
| 65 | Sekinyan | | Koysinjak | Ranya |
| 66 | | | Koysinjak | Ranya |

## Known chemical Attack In Iraqi Kurdistan 1987 / 1988 Dhok

| No. | Village | Family No. | Qaza | Nahia |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Zewa Shkar | _ | Amedy | Deralok |
| 2 | Spies | _ | Amedy | Deralok |
| 3 | Reshma | _ | Amedy | Deralok |
| 4 | Nhelia | _ | Amedy | Deralok |
| 5 | Kaify | _ | Amedy | Sarsang |
| 6 | Ekmala baree Garay | _ | Amedy | Sarsang |
| 7 | Gouizy | _ | Amedy | Sarsang |
| 8 | Shirana | _ | Amedy | Sarsang |
| 9 | Spindariy | _ | Amedy | Sarsang |
| 10 | Siyary | _ | Amedy | Sarsang |
| 11 | Eikmala Barkhabary | _ | Amedy | Mankish |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 12 | galey Golnasky | _ | Duhok | Mankish |
| 13 | Psht Gree | _ | Duhok | Mankish |
| 14 | Bruhhajarea | _ | Duhok | Mankish |
| 15 | Brjiniy | _ | Duhok | Mankish |
| 16 | Teka | _ | Duhok | Batofa |
| 17 | Garaque | _ | Duhok | Batofa |
| 18 | Babiriy | _ | Duhok | Batofa |
| 19 | Kharaby | _ | Duhok | Batofa |
| 20 | Hesey | _ | Duhok | Batofa |
| 21 | Eikmaliy | _ | Duhok | Batofa |
| 22 | Hizey | _ | Duhok | Smell |
| 23 | Zuraf | _ | Amedy | Smell |
| 24 | Swariy | _ | Amedy | Gara |
| 25 | Arok | _ | Amedy | Gara |
| 26 | sedariy | _ | Amedy | Gara |
| 27 | bawarky Kavrey | _ | Amedy | Gara |
| 28 | Mergeniy | _ | Amedy | Gara |
| 29 | Bleijaniy | _ | Amedy | Gara |
| 30 | barkavery | _ | Azakho | Gara |
| 31 | Binko | _ | Azakho | Gara |
| 32 | Bri | | Azakho | Rezgary |
| 33 | Zoraf | | Azakho | Gara |
| 34 | Dargala | | Azakho | Gara |
| 35 | Gorchien | | Zakho | |
| 36 | Zeway Dhok | | Duhok | |
| 37 | Are | | | |
| 38 | Tilakro | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 39 | barkarve | | | |
| 40 | wormala | | | |
| 41 | Blejane | | | |
| 42 | Rose | | | |
| 43 | Nesdwer | | | |
| 44 | Balvke | | | |
| 45 | Rvden | | | |
| 46 | Sware | Gara | | |
| 47 | Avoke | Gara | | |
| 48 | Sedariy | Gara | | |
| 49 | Merginiy | Gara | | |

## Area mountains and villages and peshmerga basis Been attack by chemical and biological weapon 1987/1988

| No. | Name Area | Name in Kurdish | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | kaiwan Mount | شاخی قەیوان | | |
| 2 | Korank mount | کۆرنەك ماوەت | | |
| 3 | nazanin Valley | دۆڵی نازەنین | | |
| 4 | Balisan valley | دۆڵی بالیسان | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5 | Chami Rezan | چەمی ریزان | | |
| 6 | karkar mount | چیای کەرکەر | | |
| 7 | Karangwe mount | چیای کەرەنگوای | | |
| 8 | Dolmazala mount | چیای دۆڵ مازەڵە | | |
| 9 | zarda mount | چیای زەردە | | |
| 10 | smakully valley | دۆلی سماقولی | | |
| 11 | Binmrd valley | دۆلی بنمرد | | |
| 12 | Kojar Mount | چیای کۆجەر | | |
| 13 | banishan Mount | چیای بانیشان | | |
| 14 | Brzut Mount | چیای برزوت | | |
| 15 | Shekh Muhammed valley | دۆلی شیخ موحەمەد | | |
| 16 | Shekh bakh Mount | دۆلی شێخ باخ | | |
| 17 | Daban and halaj Maount | چیای دابان هەلاج | | |
| 18 | Gara mount | چیای گارا | | |
| 19 | Sheikh Bizeni | شیخ بزینی | | |
| 20 | Asengaran mount | چیای ئاسنگەران | ناوچەی شارباژێڕ | |
| 21 | Khaja larzok mount | چیای خەجەلەرزۆك | | |
| 22 | Baloosa mount | چیای بالوسە | | |
| 23 | Doo bra Mount | چیای دووبرا | | |
| 24 | Ahmed Roly mount | چیای احمد رۆمی | | |
| 25 | Djilwan Mount | چیای ژیلوان | | |
| 26 | Peer bayize Mount | چییای پیر بایز | | |
| 27 | Peer alyas mount | چیای پیر ئەلیاس | | |
| 28 | Dari Zakarya Mount | چیای داری زەکەریا | | |
| 29 | Hawara Barza amount | چیای هەوارە بەرزە | | |
| 30 | Alana valley | دۆلی ئالانا | | خەلیفان تا |

# References & sources of information of chemical attack sites of Iraqi Kurdistan during 1987-1988

1- report from Halabja Postgraduate medical institute from Erbil , Duhok, Sulaimanya, Halabja…
2- Report From PUK
3- Appendix C form from genocide in Iraqi Page 264 – 265 ..
4- Mr. Nawsherwan Mustafa Ameen
5- Mr.Jalal Lawher.
6- Hakm Qadr Hama jan..
7- Shekh jafar shekh Mustafa.
8- Shawkat Haj Musher.
9- Jameel Hawramy..
10-Rafiq Mohammed Taha (Old Peshmaerga Leader)
11-Abdulla Mala Muslh ( Old Peshmerga leader )
12-Jamal Haruiti (Old Peshmerga Leader ) in Khoshnawaty)
13-Adnany Hamay Mena ( Old Peshmerga leader )..
14-Greeb Askary (Agjalar & Karkuk )…
15- General Khaleel Nimmat (Dhok)
16-Kurdstan Health Foundation
17-Hama Law Hama Ammen (From Garadagareea in say Husain )
18-Sabah Husain ahmed ali ( From Kirkuk Governorate )
19-Arif Khalany ( From Rawandz)
20-Husain Saeed (45 Years Old from Khamchogha witness of the attack on his village ).

21-Kareem Mohammed (35 years Old from Golega Villege confirming those places in Dokan Area..

*All Peshmerga field Commanders witnessed attacks in different parts of Kurdistan all were interrogated on several occasions & all confirmed the different sites of the attacks through out Kurdstan…

**د.فؤاد ئەحمەد بابان**
**ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان**
**ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**بیستو سێیەم:**

## قانون حماية المقابر الجماعية

**قرار رقم(8)**

**باسم الشعب**

**مجلس الرئاسة**

**بناء على ما أقرته الجمعية الوطنية العراقية طبقاً للفقرتين (أ– ب) من المادة الثالثة والثلاثين من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية واستناداً إلى المادة السابعة والثلاثين من قانون إدارة الدولة.**

**قرر مجلس الرئاسة بجلسته المنعقدة بتاريخ 12 /3 /2006 إصدار القانون الأتي:**

**قانون رقم (5) لسنة 2005**

**قانون حماية المقابر الجماعية**

**_الفصل الأول**

**الأهداف و الوسائل**

**المادة –1 -**

**أولاً : يهدف هذا القانون إلى:**

**أ– حماية المقابر الجماعية من العبث والنبش العشوائي أو فتحها دون موافقة رسمية من وزارة حقوق الإنسان.**

ب- تنظيم عملية فتح المقابر الجماعية وفقاً للإحكام الشرعية والقيم الإنسانية بقصد التعرف على هويات الضحايا وما يتبع ذلك من أثار شرعية وقانونية في حدود أحكام هذا القانون.

ج- حفظ وحماية الأدلة التي يمكن الاستدلال بها على هوية الضحايا

د- تحديد هويات الجناة والمساعدة في جمع الأدلة ضدهم لثبات مسؤوليتهم الجنائية عن الجرائم المرتكبة ضد الضحايا وتقديمهم إلى القضاء

ثانياً: تتولى وزارة حقوق الإنسان الدور الرئيس في عملية فتح المقابر الجماعية وحصر أعدادها وتوثيق محتوياتها.

المادة-2- يقصد بالتعابير التالية لإغراض هذا القانون المعاني المبينة إزاءها:

أولا: الوزارة- وزارة حقوق الإنسان

ثانياً: مكتب الاستعلامات - مكتب استعلامات شؤون المقابر الجماعية

ثالثاً :المقبرة الجماعية-الأرض أو المكان الذي يضم رفات أكثر من شهيد تم دفنهم أو إخفائهم على نحو ثابت دون إتباع الإحكام الشرعية والقيم الإنسانية الواجب مراعاتها عند دفن الموتى وبطريقة يكون القصد منها إخفاء معالم جريمة إبادة جماعية يقوم بها فرد أو جماعة أو هيئة وتشكيل انتهاكاً لحقوق الإنسان

رابعاً : الضحايا - مجموعة من رفات الشهداء التي يتم العثور عليها في المقابر الجماعية

الفصل الثاني

التنقيب عن المقابر الجماعية

المادة -3- تقوم الوزارة بالتنسيق مع الجهات المختصة بالبحث والتحري والتنقيب عن المقابر الجماعية.

المادة -4- على مالك أو شاغل المكان الذي ترى الوزارة وجود مقبرة جماعية فيه السماح لها وللجهات المختصة بدخوله لفحصه أو رسم خريطته أو وتصويره أو اتخاذ أي إجراء من الإجراءات الضرورية للبحث والتنقيب عن المقبرة الجماعية بعد تبلغيه رسمياً بذلك ، على أن لا تتجاوز مدة القيام بالإجراءات المذكورة(14) أربعة عشر يوماً من تاريخ التبليغ.

المادة-5- تضع الوزارة عند ثبوت وجود مقبرة جماعية في المكان الذي تم البحث والتنقيب فيه يدها عليه مدة لا تتجاوز ( 90) تسعين يوماً من تاريخ وضع اليد مع مراعاة إحكام القانون

المادة -6- أولاً : تشكيل الوزارة لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة في منطقة المقبرة الجماعية برئاسة ممثل عنها وعضوية-:

أْ- قاضٍ يسميه رئيس محكمة استئناف المنطقة

ب- عضو ادعاء عام تسميه دائرة المدعي العام

ج- ضابط شرطة تسميه وزارة الداخلية.

د- طبيب عدلي تسمية وزارة الداخلية.

هـ- ممثل عن المجلس البلدي يسميه المحافظ المختص

ثانياً: تتولى اللجنة ما يأتي-:

أ- فتح المقبرة الجماعية و إجراء الكشف عليها للتعرف هويات الرفات التي تضمنها وتنظيم محضر أصولي يتضمن معالم وتفاصيل المقبرة الجماعية موثقة بالأفلام والأقراص المدمجة.

ب- تسليم الرفات لذوي الضحية وإعادة دفن رفات الشهداء وفق مراسيم تليق بهم وتتكفل الدولة النفقات المالية لهذا الغرض.

جـ- إصدار وثيقة تحقيق هوية لكل رفات يتم العثور عليها في ضوء التحقيقات والفحوص الطيبة و المختبرية اللازمة

د- إصدار القرارات المقتضية لتنفيذ مهامها المنصوص عليها في هذا البند ورفعها إلى الوزارة لاتخاذ الإجراءات القانونية.

ثالثاً : للجنة الاستعانة بخبراء من ذوي الاختصاصات ذات العلاقة دون ان يكون لهم حق التصويت.

المادة -7 -

أولاً : تعد وثيقة الهوية الصادرة بموجب الفقرة (ج) من البند (ثانياً) من المادة ( 6) من هذا القانون دليلاً كافياً على إثبات الوفاة وهوية الضحية قابلاً لإثبات العكس وفقاً للقانون.

ثانياً: لورثة الضحية حق الطعن في قرار اللجنة حول تحقيق هوية الضحية لدى محكمة الأحوال الشخصية التي يقع موقع المقبرة الجماعية ضمن اختصاصها المكاني خلال (10 (عشرة أيام من تاريخ التبليغ بالقرار، يكون الحكم الصادر من المحكمة قابلاً للطعن فيه لدى محكمة المنطقة الاستئنافية بصفتها التمييزية خلال( 15) خمسة عشرة يوماً من تاريخ التبليغ به.

المادة -8 -

أولاً : تقوم اللجنة بتزويد مكتب الاستعلامات في الوزارة بنسخة من قرارها الخاص بتحقيق هوية الضحية مع الأوليات والوثائق المتعلقة بها وجميع ما تم العثور عليه من نقود وأشياء تعود إلى الضحية.

ثانياً: يتولى مكتب الاستعلامات ما يأتي-:

**أ- تزويد مكتب المفقودين في الوزارة وغيرها من الجهات المختصة بنسخة من قرارات تحقيق هوية الضحية وجميع المعلومات المطلوبة والوثائق الأخرى**

**ب- تزويد ورثة الضحية بنسخة من الوثائق والمستندات المنصوص عليها في البند (أولاً) من هذا المادة والفقرة (أ) من هذا البند مع النقود والأشياء التي تعود إلى الضحية.**

**ج- إرسال وثيقة تحقيق هوية الضحية وجميع المعلومات المطلوبة والوثائق الأخرى إلى محكمة الأحوال الشخصية أو محكمة المواد الشخصية حسب الاختصاص عند الطلب لغرض إصدار حجة وفاة للرفات التي تم العثور عليها في المقبرة الجماعية وفقاً للقانون.**

**د-اتخاذ الإجراءات اللازمة لغرض إصدار هوية الأحوال المدنية لورثة الضحايا**

**المادة -9- على كل من يعلم بوجود مقبرة جماعية في أي مكان يعود له أو لغيره من تاريخ نفاذ هذا القانون**

**الفصل الثالث**

**أحكام جزائية**

**المادة -10 -يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على ( 3) ثلاث سنوات وبغرامة لا تقل عن (500000 (خمسمائة ألف دينار ولا تزيد على (100000) مليون دينار كل من عبث بمقبرة جماعية أو فتحها دون ترخيص من الوزارة أو الجهات المختصة وتكون العقوبة السجن إذا أدى فعله إلى ضياع أدلة التعرف على هوية الضحايا أو الجناة أو طمس معالم الجريمة.**

**المادة -11 -يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على ( 3) ثلاث سنوات وبغرامة لا تقل عن (150000 (مائة وخمسين ألف دينار ولا تزيد على (300000) ثلاثمائة ألف دينار أو**

بإحدى هاتين العقوبتين كل من عرقل عمل الجهات المختصة في أداء مهمتها في البحث والتنقيب عن المقابر الجماعية أو امتنع من تمكينها من أداء مهمتها

المادة – 12 -يعاقب بالحبس مدة لا تزيد عن ( 2) سنتين وبغرامة لا تقل عن (100000) مائة ألف دينار ولا تزيد على (250000) مائتين وخمسين ألف دينار كل من خالف أحكام المادة (9) من هذا القانون

المادة –13 -يعد عذراً قانونياً مخففاً إذا بادر احد الجناة إلى إبلاغ الوزارة أو الجهات المختصة عن مكان لمقبرة جماعية أو ضحايا أو مرتكبي الجرائم ضد الضحايا

الفصل الرابع

أحكام عامة وختامية

المادة –14 -للوزارة الاستعانة بالجهات المختصة والمنظمات الوطنية والدولية التي لها علاقة بحقوق الإنسان من اجل تحقيق أهداف هذا القانون وتوثيق الإجراءات المتخذة بموجبة ونتائجها على المستويين الوطني والدولي

المادة –15 -يتمتع رئيس وأعضاء اللجنة المنصوص عليها في البند (أولا) من المادة (6) من هذا القانون المخولة بالبحث والتنقيب عن المقابر الجماعية بالسلطات الممنوحة للمحقق المنصوص عليها في قانون أصول المحاكمات الجزائية رقم ( 23 ( لسنة 1971 وذلك عند التحقيق في الجرائم المنصوص عليها في هذا القانون

المادة – 16 -يتمتع حارس المقبرة الجماعية والمراقب المكلف بمراقبة ومتابعة حراس المقابر الجماعية لإغراض هذا القانون بسلطة الضبط القضائي المنصوص عليها في قانون أصول المحاكمات الجزائية

المادة –17– تطبق نصوص أحكام الاتفاقيات والمعاهدات الدولية التي صادق عليها العراق فيما لم يرد نص خاص في هذا القانون

المادة–18– للوزير إصدار التعليمات والبيانات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون

**المادة -19- ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية**

| | | |
|---|---|---|
| **غازي عجيل الياور** | **عادل عبد المهدي** | **جلال طالباني** |
| **نائب رئيس الجمهورية** | **نائب رئيس الجمهورية** | **رئيس الجمهورية** |

**الأسباب الموجبة**

**لغرض تسهيل مهمة البحث عن المقابر الجماعية التي اقترف جرائمها النظام البائد ولغرض إعادة رفاتهم إلى ذويهم وبمراسم تليق بتضحياتهم وتنظيم عملية فتحها وفقاً للإحكام الشرعية والقيم الإنسانية وحمايتها من العبث والنبش والتنقيب العشوائي ولغرض التعرف على هويات الضحايا المدفونين فيها والمحافظة على الأدلة الجرمية وتقديمها إلى القضاء لتسهيل مهمته في إثبات مسؤولية الجناة عن جرائم الإبادة الجماعية والدفن غير الشرعي وغيرها من الجرائم المرتكبة ضد الضحايا**

## پێڕستی بەشی سێیەم


| ناوەرۆك | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی سێیەم | 313 |
| کار و چالاکیەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان | 313 |
| یەکەم : بەبۆنەی یادی کارەساتەکانی کیمیابارانکردن وئەنفال کردنی گەلی ... | 313 |
| دووەم: نامەیەك بۆ بەرێز وەزیری شەهید و ئەنفالکراوان | 314 |
| سێیەم: پیرۆزبای لە گەلی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری شەهیدانی ... | 315 |
| چوارەم: کردنەوەی پێشانگای فتوگرافی لەیادی رۆژی ئەنفالدا | 317 |
| پێنجەم: نامەی یەکیتی پەرلەمانتاران ژمارە / 45 لە 2 / 5 / 2010 | 318 |

| | |
|---|---|
| شەشەم: یاداشتنامەیەك بۆبەرێزانی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ... | 319 |
| حەوتەم: بۆ یەکتێتی پەرلەمانتارانی کوردستان – وەڵام | 321 |
| هەشتەم: نامەی ژمارە / 58 لە 25 / 5 / 2010 | 322 |
| نۆیەم: - یەکگرتووی چەپی ئەوروپا- پەرلەمانی ئەوروپا- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان | 323 |
| دەیەم: پەیامی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان تایبەت بە رووداوەکانی ... | 332 |
| یانزەیەم: سێیەمین ناساندنی جینۆساید لەگەلی کورد پیرۆزبێت | 336 |
| نامەی یەکێتی پەرلەمانتاران بۆ فراکسۆنی کودرستانی و کۆڕان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق | 338 |
| لە بەرهەمە چاپکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان | 339 |

# بەشی سێیەم

## کار و چالاکیەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

### یەکەم :

### بەبۆنەی یادی کارەساتەکانی کیمیابارانکردن وئەنفال کردنی گەلی کوردستان پێشنیار و پلانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان

زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر دوو تاوانی گەورەی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق تێ دەپەڕێ، ئەویش کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنی گەلی کوردستان بوو بە هەموو قۆناغەکانیەوە لە 1983 تاکوو 1988، لە کاتێکدا بۆ گیانی پاکی شەهیدان سەردادەنەوێنین، ئیدی ڕۆژی ئەوەهاتووە ئەم یادکردنەوانە لە قۆناغی پارانەوە و کروزانەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی قەرەبوو کردنەوە و ئاوەدانکرنەوەی ناوچە زیان لێکەوتوەکان بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی کاریگەر دابرژێ لە ڕێگەی وەزارەتەکانی بە تایبەتی پەروەردە و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ، هەروەها حکومەت کار لەسەر ئەوە بکات دۆسیەی تاوانی کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان بخرێتە بەردەم دادگای تاوانەکان وەك دۆسیەیەکی سەربەخۆ، لەلایەکی تر مژدەیەکی خۆش بوو کە پەرلەمانی عێراق ئەو تاوانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان کراوە بە جینۆسایدی ناساند، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات حکومەتی کوردستان لە ڕێگەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ سکاڵای خۆی پێشکەش بە دادگای تاوانەکانی نێو دەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان بکات بۆ ئەوەی تاوانبارانی تر پەلکێشی دادگا بکرێن و دۆسیەی قەرەبوو کردنەوەش رووبەرووی وڵاتانی جیهات بکرێتەوە.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان
2008 / 4 / 16

## دووەم :

## نامەیەك بۆ بەرێز وەزیری شەهید و ئەنفالكراوان

گەلی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ستەم لێکراوی هەڵەبجەی شەهید بە تایبەتی ، لە ڕۆژی 2010/1/17 چاوەرێ ی ئەوەیان دەکرد کە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بڕیارێکی ئەوتۆی دەرهەق بەکەیسی هەڵەبجەی شەهید دەربکردایە لە ئاستی گەورەیی ئەو تاوانە بوای کە تاوانباران ئەنجامیان دابوو ، بە دووەم تاوانی جیهانی دوای هێرۆشیماوناکازاکی ئەژمار بکرایە.. نەك هەر ئەمە دەبوایە سەرانی ڕژێم و ئەوانەی دەستیان لەم تاوانە قێزەونەدا هەبو لە دانیشتنی یەکەمی دەسپێکی ئەم دادگایە دادگایی بکرانایە .
بریاردان لەسەر ئەم تاوانە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و نەبوونی بە قەزیەی گەلەکەمان ، گرێیەکی قووڵی خستە نێو دڵی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید و تەواوی قوربانیانی کیمیابارانکردن لە دەڤەرەکانی تری کوردستان ، هەروەها جێ بە جێکرد حوکمی لە سێدارەدانی تاوانباری گەورە عەلی کیمیاوی لەسەر کەیسی هەڵەبجە سەرەڕای پێشوازی کردن لێ ی بەڵام ئەوە دیسان گرێیەکی تری لە نێو دڵ و دەرونی خەڵکی کوردستان دروست کرد ، چونکە لە ڕووی یاساییەوە هێشتا دەرئەنجامی تەمیزی حوکمەکە نەگەراوەتە ەو سەرەڕای ئەمانەش داوا لە وەزارەتە بەرێزەکەتان دەکەین کە هەوڵی جدی بدات لەگەڵ لایەن پەیوەندی دارەکانی تر بۆ ئەوەی جۆری تاوانەکە بگۆردرێ بە جینۆساید ، چونکە ئەمە لە ڕووی مادی ی (قەرەبوو کردنەوە) و مەعنەوی ئارامیەك دەبەخشێ بە تەواوی خەڵکی کوردستان ، ئەمەش لە ڕێگەی تانە لێدان لە بڕیاری دادگا کە ، هەق بوو دادگای بەرێز

**بەکۆمەڵ کوشتنی هەزاران مرۆڤ لە کۆرپەو منداڵ و پیر و ژن و پیاو بە تاوانی جینۆساید وەربگرتایە .**

**رای گشتی سەرتاسەری کوردستان لەگەڵیشیدا ویژدانی مرۆڤایەتی داوا دەکات بڕیاری ئەم دادگایە تێنەپەری بەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بەتایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەما کوردستان و حوکومەتی هەرێم لەلایەکی تر سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمانی عێراق و حوکومەتی عێراقدا ، گەلەکەمان چاوەرێیە لە هەموو لایەك کە رۆلی گرنگ بگێرێ بۆ پێداچوونەوەی بڕیاری حوکمەکە .**

**لەگەڵ رێزدا**

**یەکیتی پەرلەمانتارانی کورد**

**2010/ 1/ 26**

## سێیەم:

## پیرۆزبای لە گەلی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری شەهیدانی کیمیاباران بەتایبەتی

بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەرۆژی 2010/1/17 سەبارەت بە کەیسی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهید نەك تەنها دڵی خەڵکی کوردستانی خۆش کرد ، بەڵکوو لەسەرتاسەری جیهانیش دا پێشوازیەکی گەرمی لێکرا ، بەڵام ئەوەی کە لەجێگەی خۆیدا نەبوو تاوانەکە لەبڕی ئەوەی بەجینۆساید بناسرێ وەك تاوانی دژی مرۆڤایەتی پێناسە کرابوو ، لەکاتێکدا کە تاوانی لەو جۆرە هیچی کەمتر نیە لەو تاوانانەی کە بەجینۆساید دەناسرێ ، ڕای گشتی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی ستەمدیدەی هەڵەبجەی شەهید ئەم بڕیارەی دادگای ناوبراویان پێ قبوڵ

نەکرا ، دەستکرا بە دەربڕینی ناڕەزایی شارستانیانە بۆ ئەوەی مافی قوربانیان لە ڕووی یاسایی و سیاسی کە مادی و مەعنەوی لێدەکەویتەوە هەروا بە ئاسانی تێنەپەرێت ، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەیەکەم کاردانەوەی ئەم نارەزایەدا هاوبەشی کرد لە پشگیری و کۆکردنەوەی ئیمزا لەگەڵ کەمپینی دانیشتوانی هەڵەبجەی شەهید بەمەبەستی داواکردن بۆ پێداچوونەوەی بڕیارەکەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە رێگەی ناردنی نامە بۆ وەزارەتی شەهید و ئەنفال کراوان و پەیوەندی کردن بە تیمی پارێزەرانی کەیسی هەڵەبجە و سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و لایەنە پەیوەندی دارەکان.

دووای ئەوەی فشارێکی زۆر و هەوڵ و کۆششی وەزارەتی شەهیدان و تیمی پارێزەرانی کەیسی هەڵەبجەی شەهید ، دادگای تێهەڵچوونەوەی عێراق لە رۆژی 2010/2/28 بڕیاری دا بە ناساندنی تاوانەکە بە جینۆساید ، لە کاتێکدا پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید دەکەین و دەستخۆشیش لە هەوڵ و تەقەللاکان دەکەین .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات بڕیارێکی لەو شێوەی دادگای تێهەڵچوونەوە بدات ، بۆئەوەی ئەم تاوانە لەگەڵ تاوانی ئەنفال کە ئەویش بە جینۆساید ناساندراوە ، ئەمە دەبێتە دوو تاوانی جینۆساید لە ڕووی نەتەوەیی بەکاربخرێت (توظیف) بۆ پشتگیری لە ماف و داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2010 / 3 / 2

**چوارەم :**

## کردنەوەی پێشانگای فتوگرافی لەیادی رۆژی ئەنفالدا



**لەیادی رۆژی ئەنفالدا بە هاوکاری یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان و رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆگرافی ( دیکۆمۆنتی ) لە رۆژانی**14 – 15 / 4 /2010 **لە گەلەریی شانەدەر لە هەولیر ئامادەکرا ، پێشانگاکە لەلایەن بەریزێکی خێزانی ئەنفالەوە کرایەوە بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی یەکیتی پەرلەمانتاران و میوانانی بەرێز، کردنەوەی چالاکی لەم جۆرە و بەشداریەکی گرنگە بۆ بەرز راگرتنی ئەم یادە کارەسات ئامێزانە ، بەو هیوایەین کەسوکاری ئەنفالکراوان ئاوری باشتر یان لێ بدرێتەوە و بە باشترین شێوە قەرەبوو بکرێنەوە .**

## پێنجەم :

## نامەی یەکیتی پەرلەمانتاران ژمارە 45 لە 2/ 5/ 2010

بەڕێز / لیژنەی ڕاسپێردراو بە ئامادەکردنی بەرنامەی کاری کوردستانی

بابەت / داواکاریەکی بە پەلە

لەبەرئەوەی مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی جینۆساید کەلە بەرنامەی هەڵبژاردنی هەموو لیستەکانیش باس کراوە ، داواکاریەکی ئەم قۆناغەیە بە تاییەتیش دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای جیناياتی عیراقی بە ( جینۆساید ) ناساندنی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و پەسەند کردنی ئەو پرەنسیپە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ئەنفال ، کاتی ئەوە هاتووە کە داوای قەرەبوو بۆ کەس و کاری قوربانیان بکرێت... ئەم داواکاریەش بەڕێگای دادگاکانەوە زۆر ئەستەمە و واقیعی نیە ، بۆیە دەبێ بە ڕێگای سیاسی چارەسەر بکرێت و لیژنەیەکی قەرەبووکردنەوە بەبڕیاریك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراقەوە دەربچێت .

داواکارین ئەم بابەتە بکەنە خاڵێکی سەرەکی بۆبەشداری کردن لە حکومەتی داهاتووی عیراق و بکەوێتە ناو بەرنامەی کاری کوردستانی .

لەگەڵ ڕێزدا .....

حمە علی توفیق میرزا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

وێنەیەکی بۆ /

بەرێز د . کەمال کەرکوکی سەرۆکی لیژنە

بەرێز نوێنەری سەرۆکی هەریمی کوردستان

بەرێزانی ئەندامانی لیژنە / نوێنەری لیستی (                                        )

هەلگرتن

**شەشەم:**

## یاداشتنامەیەك بۆبەرێزانی هەرسێ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دەربارەی قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوانی جینۆساید

لە ڕوانگەی ئەو بنەما گشتیەی کە لەیاسای نێو دەوڵەتی دا هاتووە سەبارەت بە قەرەبوو کردنەوەی قوربانیان و رێز گرتن لە مافەکانیان و دانانی شێوازی کارا و گونجاو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی داد پەروەریانە بگەن بەو مافانەیان و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی سندوقی تایبەت بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو قوربانیانە و کەسووکاریان لەو زەرەر و زیانانەی لێیان کەوتووە لە ئەنجامی تاوانەکانی بەد بەکارهێنانی دەسەلاّتداران لە کاتی پیادەکردنی دەسەلاّتەکانیان ،بۆ ئەوەی چیتر هەل لەدەست نەدرێت و ئەو زەرەرو زیانانەی بەر گەلی کوردستان کەوتووە قەرەبوو بکرێنەوە لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە ،        بۆ بە پیرەوە هاتنی داواکاریەکانی کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید و بەدیهێنانی کەشێکی دەروونی لەبار بۆ سەرجەم جەماوەری گەلی کوردستان و هاوکاری کردن لە بنیات نانی متمانەیەکی پتەویان بە حوکومەتی هەرێم و سووربوونی لەسەر گێرانەوەی مافی هاولاّتیان.

بە پشت بەستن بە هەردوو بڕیاری دادگای بالاّی تاوانی عێراقی کە کێشەکانی ئەنفال و بۆردومانکردن بە چەکی کیمیاوی وەك دوو تاوانی کۆمەلکوژی ( جینۆساید ) کە دژی گەلی کوردستان ئەنجام دراون ، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 2008/4/14 دەریکردوە ئەوکوشتار و قەلاچۆکردنەی گەلی کوردستان تووشی هاتووە بە هەموو پێوەرێك دەکەوێتە خانەی ئەو کۆمەلکوژیەی (جینوساید) کە یاسای نێو نەتەوەیی قەدەغەی کردووەو مافی قوربانیانی داوە کە قەرەبوو بکرێنەوە لەو زەرەرو زیانانەی لێیان کەوتووە ، زۆر

زەحمەتە ئەو قەرەبۆیانەش لە رێگای دادگاکانەوە بەدەست بهێنرێن لەبەر ئەوەی ئەو راستیانەی باسکران بەلگەی حاشا هەڵنەگرن و ماف بە قوربانیان دەدرێت پشتی پێ ببەستن بۆ داواکاریەکانی قەرەبۆکردنەوەیان لەو زەرەرو زیانانەی لێیان کەوتووە.

لەسوونگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی خۆی لەکەمکردنەوەی ئازاری کەسوکارانی قوربانیان و پشتگیریکردن لە کێشە رەواکەیان .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان داوا لە بەرێزتان دەکات کە نوێنەرانی گەلی کوردستان بۆ پەرلەمانی بەغدا رابسپێرن داوا لە حکومەتی عێراقی فیدرال (کابینەی نوێ ) بکەن کە دەبێ بنەمای ئەو قەرەبۆکردنەوەیە لە نێو بەرنامەی کاری خۆی بچەسپێنێت ، ئەمەش بە پێکهێنانی لیژنەکانی بالای کارگێری و لیژنە لاوەکیەکان لە ڕێگەی دەرکردنی بریارێکی تایبەت پێیانەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقە وە بۆ ئاسانکاری پیادەکردنی بریارەکە و دیارکردنی شێوازی جێبەجێکردنی بنەمای قەرەبۆکردنەوە بە شێوەی کارگێری بێ نەك دادوەری .

لەگەڵ ڕێزو هیوای سەرکەوتن ..

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

2010 / 5 / 9

هاوپێچەکان

1 – قانون المحكمة الجنائية العراقية العليا رقم /10 لسنة 2005

2 – قرار المحكمة الجنائية العراقية بصدد الانفال .

3 – قرار مجلس النواب العراقى حول ما تعرض له الشعب الكردي في كردستان العراق من مذابح وقتل جماعي كان ابادة جماعية بكل المقاييس

4 – قرارى المحكمة الجنائية و محكمة التميز حول جريمة القصف الكيمياوى فى حلبجه .

5 – نظرة عامة على التعويضات .

6 – تعريف الابادة الجماعية .

7 – قرار دولی بشان الحق فی الانتصاف والجبر لضحایا الانتهاکات .

8 – التعویضات الالمانیة لضحایا الاضطهاد النازی .

9 – ادراج ماساة حلبجه والمقابر الجماعیة فی نظام المحکمة الجنائیة الدولیة .

10 –داواکاری بەپەلە بۆ لیژنەی راسپێردراو بە ئامادەکردنی بەرنامەی کاری کوردستانی

**حەوتەم : وەلامی نامەی ژمارە ( 45 ) لە 2010/ 5/ 3**

Kurdistan parliament- Iraqi
Kurdistan - Erbil
Directorate Of Parliament Affairs

NO:

DATE:

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**کوردستان ـ هەولێر**
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

ژمارە: ٨٤٢/٢/٤
رۆژ: ٢٠١٠/٥/٢٨

**بۆ / یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**
**بابەت/ وەڵام**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٤٥) لە ٢٠١٠/٥/٣ سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید، پێتان رادەگەیەنین کە ئەم خاڵە لە بەرنامەی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دایە، لە کاتی چوونیان بۆ بەغدا و لە دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی عێراق ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

**لە گەڵ رێزماندا**

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کمال کەرکوکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

وێنەیەکی بۆ/
* نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
* نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
* نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
* بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان / لیژنەکان.

**هەشتەم:**

## نامەی ژمارە 58 لە 25/ 5/ 2010

بۆ / وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

ب / قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی جینۆساید

دوابەدوای نوسراومان ژمارە ( 47 ) لە 9 / 5 / 2010 ، وا لەگەڵ نوسراوماندا وێنەك لە نامەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ژمارە 842/3/4 لە 20 / 5 / 2010 تان بۆ دەنێرین کە تیایدا هاتووە ، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان رەزامەند بوون لەسەر چەسپاندنی خاڵێك لە بەرنامەی کاری خۆیان لەسەر داواکاری یەکیتیەکەمان بەپێی نامەی ژمارە ( 45 ) لە 3 / 5 / 2010 دا سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید ( ئەنفاڵ و کیمیاباران ) کە لەکاتی دانوستاندن لەگەڵ لیستەکانی عیراقی گفتوگۆی لەسەر بکرێ ، جێگای خۆیەتی لێرەدا بە بەرێزتان بڵێین دەبوایە ئاگادار بکرابوینایەوە لەو کۆنفرانسەی دوایی کە بۆ ئەم مەبەستە لە هەولێر بەسترا ، ئێوەی بەرێزیش ئاگادارن کە یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی هەوڵی خۆی خستوەتەگەر لەم پێناوەدا .

لەگەل رێزدا ..

**هاوپێچ /**

وێنەیەك لە نامەی رێزدار سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

حمە علی توفێق میرزا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

وێنەیەکی بۆ /

رێزدار سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان / سوپاس بۆ هەوڵ و کۆششتان لەو باریەوە ، هەر سەر کەوتووبن .

بەرێز رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان / دوابەدوای نامەمان ژمارە (47 ) لە 9 / 5 / 2010 ، بۆ ئاگاداری لەگەڵ رێزدا .

بەرێز کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە / دوابەدوای نامەی سەرەوەمان بۆ هەمان مەبەست ، لەگەڵ رێزدا .
گشت لق و لیژنەکانی بەرێز / بۆئاگاداری تکایە .

**نۆیەم:**

**یەکگرتووی چەپی ئەوروپا**

**پەرلەمانی ئەوروپا**

**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان** KNK-

**گروپی چەپ لە پەرلەمانی ئەوروپا**

**بەهاوکاریی**

**پەرلەمانی ئەوروپا – گروپی هاوڕێیەتی کوردان**

**چاودێری لەناوبردنی کورد** – CHAK

**یەکگرتووی کۆمەڵە کوردیەکان لە ئەوروپا** – KONKURD

**جینۆسایدی هەڵەبجەو شاڵاوەکانی ئەنفال**

**یادەوەری ی جینۆسایدی هەڵەبجە و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە کوردی عێراق**

**چوارشەممە 16ی ئازاری 2011**

**هۆڵی ASP 3G2 کاتژمێر 3:00 – 6:30**

**پەرلەمانی ئەوروپا ریۆ وێرتۆ 60 – 1047 برۆکسل**

**( وەرگێڕان بە زمانی عەرەبی ، تورکی ئینگلیزی هەروەها فەرەنسی و ئەڵمانی )**

## یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بانگهێشتی کۆنفرانس کرابوو و بەڕێز م: ڕۆوف حاجی فەرەج نوێنەرایەتی کرد

### بڕیاری کۆتایی کۆنفرانس ( بڕۆکسلْ ) بە بۆنەی یادی هەڵەبجە 2011/3/16

**کیمیابارانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، پڕۆسەیەکی جینۆساید بوو بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرا**

بەهاری ئەمساڵ بیست و سێ ساڵ بەسەر کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێپەڕدەبێت ، کە لە ڕۆژی 1988/3/16 دا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کە حاکمی ئەوسای عێراق بوو ، بەچەکی کیمیاوی هێرش کرایە سەری و لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە (5000) مرۆڤی کوردی بێ گوناه گیانیان لەدەستداو زیاتر لە (10000) مرۆڤیش بریندار بوون و بەشێکیان هەتا ئێستا وەکو قوربانی ئەو کارەساتە گیرۆدەی ژیانێکی کوللەمەرگین و سەدان منداڵیش کە لەدوای ئەو کارەساتە لەدایکبوون, بەشێوەیەك لە شێوەکان بوونە قوربانی ئەم کارە نامرۆییە . ئەوەی جێگەی هەڵوەستەی ئێمەیە ئەوەیە کە ئەم کارەساتە هەتا ئێستا هێندەی خۆی قورسایی نەدراوەتێ و لە سەر ئاستی عێراق و جیهان کاری لەسەر نەکراوە , هەروەها کاری وەها نەکراوە کەڕێگە بگرێت لەوەی کە گەلی کورد یاخود گەلانی تر ڕووبەڕووی کردەوەی بەم ڕەنگە نەبنەوە.

**دیارە پێویستە هەوڵ و تێکۆشانی ناوەندی "چاك" و دەستەی داکۆکیکار لەم دۆسیەیە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال و هەموو ئەو لایەن و ڕێکخراو و کەسێتیانە بەرز بنرخێنرێت کەلە ماوەی ڕابردودا کاریان کرد بۆئەوی ئەم کەیسە بەجینۆساید بناسرێت و ڕۆژی 16ی ئادار وەکو ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بناسێنرێت و زیان لێکەوتوانی چەکی کیمیاوی و گەلی کورد بەگشتی قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێنەوە. گومانی تێدانییە کە ئەم هەولانە بوونە ئەوەی دادگای تاوانەکانی هۆڵەندا لە لاهای سزای 15 ساڵ زیندانی بەسەر گەورە سەرمایەداری هۆڵەندی فرانس ئان راتدا بسەپێنێت بەهۆی ئەوەی کە هاوکاریی ڕژێمی بەعسی کردووە لە پەیدا کردنی ماددەی کیمیاوی و بایەلۆژیدا. هەروەها ئەم هەولانە بونەهۆی ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە کەیسی هەڵەبجەدا سەرانی ڕژێم تاوانبارکات بە ئەنجامدانی کوشتنی بە کۆمەڵ و سزادانی ژمارەیەك بەرپرس لەسەر ئەو تاوانە. بەڵام دیارە ئەم هەولانە هەتاوەکو ئێستا وەکو پێویست بەرهەمی نەداوەو داخوازییەکانی گەلی کوردی پێکنەهێناوە. هەربۆیە گرنگە ئێمە وەکو گەلی کورد بە هاوکاری ئازادی خوازانی جیهان و مرۆڤ دۆستان کاربکەین بۆئەوەی ئەم کارەساتە و سەرجەم ئەو کارەساتانەی کە گەلی کورد ڕووبەڕووی بونەتەوە بە جیهان بناسێنین و ڕێگەبگرین لەوەی گەلی کورد یاخود هەر گەلێکی تر ڕووبەڕووی هێرشی بەم ڕەنگەببنەوە. ئەوەش لەڕێگەی**

ئەنجامدانی کۆڕو کۆنفرانسی نێو نەتەوەیی و ئامادەکردنی دۆسیەی تاوانەکان بە بەڵگەوە دەبێت . بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە ئەم هەنگاوانە بە گرنگ دەبینین :

1.ئامادەکردنی دۆسیەی بەرفراوان لەسەر ئەو سیاسەتانەی کە ڕژێمە حوکمڕانەکانی عێراق لە 1963/2/8 وە لە بەرامبەر کورد پەیڕەویان کردووە ، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کە لە 1986/7/17 وە بوو بە حاکمی ڕەهای عێراق ئەوانیش بریتین لە:

- سیاسەتی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کە لەژێر ناوی ( ڕاستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوە ) دا کە لەم ڕێگەیدا هەڵسا بەگۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی ئێزدی ، گۆیی ، هۆمەری ، هەستی ، شەبەك ، بەشێکی کوردی فەیلی و هەزاران خانەوادە لەناوچە جیاجیاکان لە پێناوی کەمکردنەوەی ژمارەی کورددا لە عێراق.
- لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆر کوردی فەیلی و دەرکردنی بەشێکی سەرەکی ئەم پێکهاتەی گەلی کورد لە عێراق و دەست گرتن بەسەر ماڵ و سامانەکانیاندا لەژێر ناوی ئەوەی کە ئەوان ئێرانین . هەتا ئیستاش بەشێکی زۆریان ماڵ و سامانەکانیان داگیرکراوە .
- دەرکردنی کورد لە کارەکانیان بە تایبەتی لەو کارانەی کە ڕژێم بەلایەوە هەستیارە و بێکار هێڵانەوەیان.
- کۆچبەرکردنی دەیان هەزار خانەوادەی کورد لەناوچەکانی کەرکوك ، خانەقین ،مەندەلی ، پارێزگای نەینەوا بۆ ناوچە جیاجیاکانی عێراق و

بێبەش کردنیان لە ماڵ و سامانەکانیان لە حاڵەتێکدا ڕوو لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك بکەن.

- خاپوور کردنی زیاتر لە4000 گوندی کوردنشین و بێسەر و شوێن کردنی 182000 هاوڵاتی کورد لەوهێرشە سەربازیانەدا کە بە پرۆسەی ئەنفال بەناو کراو لە نێوان 1988/2/19 هەتا 1988/9/6 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەڕێوەبرا . کەلەو کاتەدا نزیکەی 5٪ ی ژمارەی کوردبوو لە عێراقدا.
- خاپوور کردنی چەندین شار و شارۆچکە و بەشێکی گوندەکانی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگای زۆرەملێدا و لەژێر چاودێریدا . وێنەی خاپوور کردنی (پێنجوێن , سەیدسادق , قەڵادزە، قەرداخ و چەندین شارەدێ).
- بێسەر و شوێن کردنی 8000 هاوڵاتی بارزانی لەدوو پرۆسەی 1983/7/31 و 1983/8/10 دا .
- کیمیاباران کردنی ناوچەکانی سورداش لە 1987/4/15 کە ژمارەیەکی زۆر بریندار بوون ، ناوچەی خۆشناوەتی (دۆڵی مەلەکان ، شێخ وەسانان و بالیسان) کە لە 1987/4/16 و 1987/5/27 دا لە دوو هێرشی جیاجیاداکیمیاباران کران زیاتر لە 200 کەس گیانیان لەدەستدا و لەم ژمارەیەش زیاتر بریندار و بێسەر و شوێن بوون. گوندەکانی ناوچەی

قەرەداخ ( سێوسێنان و جافەران و سەرکۆ) کە لە 1987/5/7 و 1988/3/23 دا کیمیاباران کران و لە سێوسێنان دا 68 کەس گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە 100 کەس برینداربوون . شاری هەڵەبجە کە لوتکەی ئەم تاوانەبوو لە 1988/3/16 دا کیمیاباران کراو زیاتر لە5000 هاولاتی شەهیدبوون و زیاتر لە 10000 هاولاتی برینداربوون . هەروەها کیمیبارانی گۆپتەپە لە 1988/3/5 دا کە زیاتر لە 154 کەس گیانیان لەدەستدا و سودانیش بێسەر و شوێن کران .

2. بەدۆسیە کردنی ئەو لێکۆڵینەوە و بڕیارانەی لە دادگای هۆڵەندا و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سەبارەت بەم کەیسانە ئەنجام دراون یان دەرکراون

3. کارکردن بۆئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بۆ زیانلێکەوتوانی ئەم هێرشانە و چارەسەرکردنی بەرکروتوانی ئەم چەکانە و دابینکردنی ژیانێکی بەڕوزمەت بۆیان . هەروەها بڕیاری قەرەبوو بۆ گەلی کورد وەك گەل بدات.

5.کارکردن بۆ ئەوەی پەرلەمانی عێراق بڕیاری دادگای عێراق بپەرژێنێت و یاسایەکی تایبەت بەم کەیسانە دەربکات و ئەم ماددانە لەخۆ بگرێت :

- بە فەرمی ئەو سیاسەتانە وەکو جینۆساید بناسێنێت و لەسەر ئەم بنەمایە داوای لێبوردن لەگەلی کوردبکات

- پەیڕەو کردنی هەموو شێوە سیاسەتێکی بەو شێوە بەرامبەر گەلی کورد قەدەغە بکرێت .
- لەڕووی ئابورییەوە ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی ئەم سیاسەتانە و گەلی کورد بەگشتی دیاری بکات .
- حکومەتی عێراق پابەندبکات بەوەی لێبوردن لە گەلی کورد بخوازێت و پێداویستی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات
- حکومەتی عێراق پابەند بکات بەوەی کە کاربکات بۆئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو سیاسەتانە وەکو جینۆساید بناسرێت و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە پابەند بکرێت بە سیاسەتێکەوە کە ناسنامەو بونی گەلی کورد بپارێزێت .
- لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی کاربکرێت بۆ ئەوەی 16 / 3 وەکو ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی بناسرێت نەك 4/29 کە وەکو ئەم ڕۆژە ناسراوە .
- کاربکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژی 4/14 وەکو ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی جینۆساید لەسەر گەلان بناسرێت .

**كلمة الممثل اتحاد برلماني كوردستان في كونفرانس ( بروكسل) في 2011/3/16**

**م: رؤوف حاجى فرج**

**فى البداية اود ان اشكر كل القائمين بتنظم هذا الكونفرانس المهم وحيث نلتقى جميعنا هنا من اجل منع تكرار جريمة حلبجة فى اية بقعة من بقاع العالم ....**

**الآخوات والآخوة الكرام , اريد هنا ان القي الضوء على مسألة التطهير العرقي وأستخدام الأسلحة المحضورة دولياً ضد الشعب الكوردي في كردستان العراق , ونظراً لضيق الوقت لا أستطيع التركيز على الوضع الكردي في تركيا و ايران و سوريا لذا اكتفي على التركيز على ماحدث للشعب الكردي في كردستان العراق ..... في الحقيقة ومنذ تأسيس الدولة العراقية عام 1921 وحتى سقوط الدكتاتورية عام 2003 حاولت كل الحكومات المتعاقبة على السلطة في بغداد , القضاء على لغة وتراث وهوية الشعب الكردي ، ومنذ ان قفز حزب البعث بقيادة صدام حسين على مساند السلطة في العراق ، تعمقت مأسى العراقيين عموماً والكرد على وجه الخصوص ، حيث مارس صدام حسين وخلال فترة تسلطه على رقاب العراقيين ، سياسات مضادة لامانى وتطلعات و وجود الشعب الكردي في كردستان العراق ، ويمكن اختصار تلك السياسات مِمايلي:**

1. **التعريب والترحيل: لقد مارس صدام حسين هذه السياسة عن طريق اسكان العرب في المناطق الكردية وترحيل الكرد عن موطن اباهم واجدادهم وخصوصاً في مناطق كركوك و خانقين و سنجار و شيخان وفي مئات القرى**

**والقصبات الكردية ، وقد ادت تلك السياسة الى تغيير الطابع القومي في تلك المناطق وخلق مشاكل عمقية لازالت مستمرة لحد الآن .**

2. **التبعيث: ففي اطار سياسات الترغيب والترهيب حاول صدام حسين اجبار المواطن الكردي على الآنتماء الى صفوف حزب البعث او ترك موطن الآباء و الآجداد ، وكانت ان ادت هذه السياسة الغاشمة الى زج الكثير من الشباب الكرد في غياهب السجون والزنزانات وحيث لازال مصير الكثيرين مجهولاً حتى الآن..**

3. **الآنفال : وضمن سياسة القضاء على الشعب الكردي ، نفذ صدام حسين عام 1988 عمليات عسكرية تحت أسم ( الآنفال) كانت موجهة للنيل من وجود الشعب الكردي في كردستان العراق ، وفي اطار تلك السياسة الظالمة تم القضاء على اكثر من (182 )ألف مواطن كردى برئ بين رجل و أمرأة وطفل وتدمير اكثر من (4500) قرية وقصبة ونهب ممتلكات المواطنين الكرد.**

4. **ضرب مدينةحلبجة بالآسلحة الكيمياوية المحرمة دولياً: الآخوات و الآخوة الكرام ، لقد تعرضت مدينة حلبجة عدة مرات للسياسات القمعية للآنظمة المتعاقبة على السلطة في العراق ، حيث تعرضت هذة المدينة للقصف الجوي عام 1961 ، وفي عام 1974 دكت الطائرات العراقية المدينة بقنابل النابالم تركت على اثرها الكثير من الشهداء والجرحى ، وكذلك سويت نصف مباني ومساكن حلبجة بالآرض عام 1987 ....**

لكن ما أقترفه نظام صدام حسين في 1988/3/16 ضد حلبجة شكلت ابشع جريمة في تأريخ الآنسانية ، حيث استخدم صدام حسين طائراته لقصف المدينة بالآسلحة الكيمياوية المحرمة دولياً وادت هذة الجريمة النكراء الى استشهاد اكثر من (5) الآف مواطن برئ وجرح اكثر من (10)الف اخرين ، ولازال اعداد كبيرة من سكان هذة المدينة يأنون تحت وطأة الكثير من الآمراض كالسرطان و الربو وذلك نتيجة لتعرضهم لِتلك الآسلحة الخطيرة ، ايها الحضور الكرام ان حلبجة اليوم تعيش مرحلة البناء والتطوير وأن سكانها يمدون يد السلام والمحبة لكل المؤمنين بقيم الحق والعدالة الآجتماعية.... الآخوات والآخوة , الآن وأذ تمر الذكرى السنوية لفاجعة حلبجة ، أقول : حتى لاتتكرر هذة الممارسة الخطيرة في اي اية منطقة اخرى من مناطق العالم ، لابد للمجتمع الدولي ان تتحرك صوب اجبار كل الدول والحكومات على الآلتزام والتقيد بنصوص الآتفاقيات والبروتوكولات الموقعة والتى تنص على تحريم انتاج وتخزين وأستخدام هذا السلاح الخطير ، خاصة وان الكثير من الدول تملك هكذا اسلحة ، وكذلك ادعو المجتمع الدولي ومن على هذا المنبر ، العمل على أعتبار هذة الممارسة (جينوسايد) أرتكب ضد الشعب الكردي في عقر داره وأعتبار السادس عشر من أذار يوماً عالمياً لتحريم الآسلحة الكيمياوية في العالم ، واخيراً وحتى تندمِل جراحات حلبجة أدعو الى عقد هذا الكونفرانس ، العالم القادم في حلبجة الباسلة .

وشكراً للجميع..

دەیەم :

## پەیامی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان تایبەت بە رووداوەکانی شاری هەڵەبجەی شەهید

لە رۆژی 26 / 3 / 2011 دا شاندێکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەرێزان نیعمەت عەبدولاَ سەرۆکی یەکیتی و حمە علی توفیق ئەندامی دەستەی بالاَ و شێخ جعفەر شێخ موستەفا و نادر محمد قلاَدزەیی ئەندامانی یەکیتی پەرلەمانتاران ، سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون و گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بارودۆخە نا ئارامیەی لەو رۆژانەی دواییەدا رووی لەو شارە کردبوو کە ئاکامەکەی بە داخەوە چەندین قوربانی دڵتەزێنی لیێ کەوتبوەوە ، سەرەتا سەردانی بارەگای قائیمقامیەتی شارەکەیان کرد و لە لایەن هەردوو بەرێزان گۆران ئەدهەم قائیمقامی هەڵەبجە و ئەنوەر عومەر بەرێوەبەری پۆلیس پێشوازیان لێکرا ، لە کۆبونەوەیەکدا هەردوو بەرێزان بە درێژی باسیان لەو رەوشە نائارامیە کرد کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە لە رۆژانی 22 / 2 و 23 / 3 وە هاتبوە ئاراوە کە تێکرای قوربانیەکان ، شەهید بوونی ( 2 ) پۆلیس و بریندار بونی ( 70 ) پۆلیس کە لە نێوانیاندا ( 5 ) ئەفسەری تێدا بووە , لە هاووڵاتیانی خۆپیشاندەریش ( 8 ) کەس بریندار بوون ، هەروەها شاندەکە سەردانی بارەگاکانی

**لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو شارەی کرد لە ( مەڵبەندی یەکگرتوی ئیسلامی , مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی ، مەکۆی بزوتنەوەی گۆران ) ، لەویش وێنەیەکی تەواو لەسەر چۆنیەتی ئەو رووداوانە باس کران .**

**لەئاکامی ئەو گفت وگۆیانەدا ئەم چەند خاڵانەی لای خوارەوەمان بە پەسەند زانی بۆ رای گشتی بڵاو بکەینەوە و داواش لە گشت لایەکی پەیوەندیدار دەکەین بە چاوێکی دڵسۆزانە و لەبەر ئەو گشت نەهامەتیانەی رووی لەو شارە کردووە بە هەندی وەرگرن.**

- **هەڵەبجە و دەوروبەری ناوچەیەکی بریندار و غەدر لێکراوە و چەندین کارەساتی دڵتەزێنی بەخۆیەوە بینیوە و زیان و زەرەرێکی زۆری لێکەوتووە ، چیتر ئەو شارە و دەوروبەری بەرگەی کارەسات و نەهامەتی تر ناگرێ ، ئیستا بە پیێ یاساکان و بریارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق و بریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە فەرمی کارەساتەکەی ساڵی 1988 ی کە بە چەکی کیمیاوی لێدرا بە کارەساتی جینۆساید ناسراوە ، هەر کارێکی توندوتیژی و قوربانی دان و خۆکوژی لەو ناوچەیەدا رووبدات ئەوا مەترسیدارە بۆ ئایندەی بە ناساندنی لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا و زیانێکی گەورە بە ئایندەی ئەو بریارە دەکەوێت ، با خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجە بە ئاراستەی داواکاری بێت بە گەیاندنی پرسەکە بە لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتیەکان بە مەبەستی قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتوان و ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری ناوچەکە .**

- داواکاریە تایبەتیەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری بە مەبەستی خزمەتگوزاری و هاوکاری برینداران و پاشماوەکانی شەهیدان ، داواکاریەکی رەوان و پێویستە گۆیان بۆ بگیرێ و ئەوەی بتوانرێ کاری بەپەلەی تێدا بکرێ ، ئەمەش کارێکی ئاساییە و لە پرۆگرامی حکومەت و لایەنەکانی دەسەلأتیشدا نیشاندراوە ، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ نوێنەرەکانی خۆپیشاندنەکاندا دانیشن و کۆی داواکاریەکان وەرگرن و لە گرنگ ترینیانەوە دەست بەکاربن .
- نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان سنوری هەڵەبجە لە کاتی پێویست کۆببنەوە و هەر کێشە و گیروگرفتێکیان هەیە باسی لێوەبکەن و بە تێکرا داواکاری جێ بەجێ کردنیان بکرێ .
- لێکۆڵینەوەی یاسای لەو تاوانانەدا بکرێ کە بونەتە هۆی شەهید بوونی ئەو دوو کارمەندەی پۆلیس و بدرێنە دادگا .
- رێگا نەدرێ هێزی تر جگە لە پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بە کاری پاراستنی خۆپیشاندنەکان بەکار بهێنرێ .
- ئەم رەوشە و هەر نائارامیەکی تر لە هەر شاروشارۆچکەیەکی تری هەرێمی کوردستان رویداوە یان روودەدات ، بەمەبەستی چارەسەری پێویستی بە دانیشتنی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەیە لەسەر یەك مێز و گفت وگۆی

بنەرەتی بۆ هەر کێشەیەك بکری و بریاری بۆ بدری و حکومەتی لییّ ئاگادار بکریّ بە جیّ بەجیّ کردنی .

- هەر کارێکی هێور کردنەوە و لێکتێگەیشتن ئەنجام دەدریّ پێویستە لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەموو گەلی کوردستانی لییّ ئاگادار بکریّ .
- هەوڵدان بەوەی کە رووبەروو بوونەوە و تەحەدا کردن لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس روونەدات و داوا لە خۆپیشاندنەکانیش بکریّ زمانی زبر وەلاوەبنێن .
- لەسەر خۆپیشاندەران پێویستە ئەگەر کەسانێکی نابەرپرس لەناو خۆپیشاندنەکاندا پەیابوون ، رێگایان پییّ نەدریّ بەشداری بکەن .

**یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**2011/ 3/ 28**

## ژیانزەهەم :

# سێیەمین ناساندنی جینۆساید لەگەلی کورد پیرۆزبێت

بە بۆنەی دەرچوونی دووا بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق 3 / 5 /2011 لەسەر تاوانی دۆسیەی ئەنفال و بێ سەروشوێن کردنی بارزانیەکان و ناساندنی بە جینۆساید پیرۆزبایی لە کەس و کاری شەهیدەکان و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرئەنجام مێژووش بە ویژدانی مرۆڤایەتی خۆی دادێتەوە، جینۆساید کۆستی نەتەوەیمانە دەرهەق بە میللەتەکەمان ئەنجامدراوە ئەم بڕیارە گرینگەش لە چوارچێوەی ئەو بڕیارە پڕ بایەخانەی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقە کە پێشتریش ناساندنی بەجینۆسایدی لەسەر تاوانی ئەنفال و کیمیاباران کردنی دەرکردبوو .

گەلەکەمان بەدرێژای سەدەیەك دەبێت لە وەڵامی داواکاریە ڕەواکانی ڕووبەڕووی توندوتیژی گەورە بۆتەوە بەڵام وەڕس و ماندووی نەکردووە، بەرهەم و دەست کەوتەکانی ئەمڕۆش باشترین بەڵگەن و شایەدی ئەوە دەدەن کە لە کۆتاییدا ئیرادەی گەلێ هەرسەردەکەوێت.

ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا و بەو بۆنەیەوە سەرنجی گەلەکەمان و سەرکردایەتی سیاسی ی و ئیداری کوردستان بۆ ئەوە ڕابکێشین بەوەی دەرفەتێکی زێرین هاتووەتەپێش بە مەرجێ سووربین لە سەر ئەوەی ڕیزەکانمان پتەوبکەین و ئاشتی کۆمەڵایەتی بپارێزین دام و دەزگا شەرعیەکان کاراو باشترو دیموکراتیزەتر بکرێ ئەم دەرفەتەش خۆی لەو بەڵگەنامەو بڕیارانەی

نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینێتەوە کە ناساندنی هەرتاوانێك بە جینۆساید بۆ ئەو مەترسیە گەورەیە ماف بەهەر نەتەوەیەك دەدات مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات .

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەوکاتە ناسك و هەستیارەدا کە کوردستان پیٚ یدا تیٚ دەپەڕێت هۆشداری دەدات کە تەنیاو تەنیا تەبایی و پێکەوە ژیان و دیالۆگ کردن بەرپەچی پیلانگێری دەداتەوە بەرپرسیاریەتی هەمەلایەنە بۆ ئەوەی ئەم هەلەش بقۆزرێتەوەو هەولٚ بدریٚ بە هەموو ڕێگایەك تاوانی کیمیابارنکردن و ئەنفالەکان بگەیێندرێتە نێوەندە یاسایی و سیاسی نێودەولٚەتی بۆ ئەوەی ئەم تاوانانە بە جینۆساید بناسرێن بەمەش کورتکردنەوەی ڕێگەیە بەرەو ئەو ئاواتە دێرینەی گەلەکەمان ئەویش دامەزراندنی دەولٚەتی کوردیە.

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

2011/5/ 3

# نامەی یەکێتی پەرلەمانتاران بۆ فراکسۆنی کودرستانی و کۆڕان لە ئە نجوومەنی نوێنەرانی عێراق

هەرێمی کوردستان – عێراق
یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
اتحاد برلمانيي كوردستان

IRAQI KURDISTAN REGION
KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION
K.P.U

ژمارە : ١١١
بەروار: ٥ / ٧ / ٢٠١١

بۆ / بەرێز فراکسیۆنی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق
بەرێز فراکسیۆنی گۆڕان
ب / قەرەبوی زیانلێکەوتوانی جێنۆسایدی کوردستان

بەرێزتان ئاگادارن کە خاڵێك لە کارنامەی فراکسیۆنە بەرێزەکەتان بەرامبەر رێکەوتن لەگەڵ لایەنەکانی تری عیراقی بە مەبەستی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عیراق پاش هەڵبژاردنەکانی ٧ / ٣ / ٢٠١٠ بریتی بوو لە رازی بوون بە قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی تاوانەکانی جینۆساید کە بریتیە لە تاوانەکانی ( ئەنفال ، کیمیابارانی هەڵەبجە ، ئەنفالی بارزانیەکان ) دژ بە گەلی کوردستان .

داوا لە بەرێزتان دەکەین پێداگری زیاتر بکرێت سەبارەت بە دەست پێکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی ئەم خاڵە لەلایەن حکومەتی عیراقی فیدراڵەوە....لەگەڵ رێزماندا.

نعمت عبدالله
سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

**وێنەیەك بۆ/ :**

- بەرێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.
- بەرێزان رێکخراوەکانی ( ئەنفال و کیمیاباران ) بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.
- هەڵگرتن بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا.

E-mail:kpu_kurdistan@yahoo.com
www.kurdpu.org

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

1. پەرلەمان و هەڵەبجە ، نووسینی : حەمە عەلی تۆفیق – ساڵی2009 .
2. کار و چالاکیەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان – ساڵی2008 .
3. پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عیراقدا ، نووسینی : طارق جامباز، نیعمەت عەبدوڵلا – ساڵی2009 .
4. دەقەکانی کۆنگرەی سیڤەر و خوێندنەوەیەکی تر، وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزیەوە: سەلام خۆشناو، خوێندنەوەی : مسعود عبدالخالق – ساڵی 2009.
5. ئیدارەی گشتی ، نووسینی : نیعمەت عەبدوڵلا– ساڵی 2009 .
6. کار و چالاکیەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان – ساڵی2009 .
7. نەخشەڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، نووسینی : نیعمەت عەبدوڵلا – ساڵی 2010
8. مەرگەرساتی ئەنفال، نووسینی : زەمان عەبدە – ساڵی2010 .
9. کار و چالاکیەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان– ساڵی 2010 .
10. ژنان لە پەرلەمانی عیراق، نووسینی : بیان نوری تۆفیق– ساڵی 2011 .
11. کوردستانیيەتی کەرکوك و ناوچە دابڕێنروەکان بە پیٚ ی بەڵگەنامە نێودەوڵەتی یەکان، نووسینی : مەسعود عبدالخالق– ساڵی 2011 .

**– پەرلەمانتار، گۆڤاری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە** (1 – 10 ) .